لە چاپکراوەکانی
کۆمەڵەی کتێبخانە و زانیارییەکانی
کوردستان

پۆلێنی کتێب

لەکتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی خوێندنگاکاندا

ڕێبەری پراکتیکی بۆ پۆلێنی دیوی دەیی لەگەڵ تەواوی خشتەکاندا

نووسینی: فەهیم مستەفا
وەرگێڕانی: یاسین قادر بەرزنجی

هەولێر/ ٢٠١٢

پۆلێنی کتێب

لەکتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی خوێندنگاکاندا

ڕێبەری پراکتیکی بۆ پۆلێنی دیوی دەیی لەگەڵ تەواوی خشتەکاندا

نووسینی: فەهیم مستەفا

وەرگێڕانی: یاسین قادر بەرزنجی

تایپ: بەیان عەلی

نەخشەسازی: مەهدی ئەحمەد

بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی شەهاب – هەولێر

نرخی: (٥٠٠٠) دینارە

ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١١٢٧)ی ساڵی ٢٠١٢ ی پێدراوە

پێڕست

پێشکەشە ٥

دیارییەکی بەنرخ بۆ کتێبخانەی کوردی ٧

پێشەکیی وەرگێڕ ٩

بەشی یەکەم ١١

پۆلێنی کتێب لە کتێبخانەکاندا

پاری یەکەم: تەوەرە بنچینەییەکان لە پۆلێنی دیوی دەییدا ١٣

پاری دووەم: بنچینەکانی پلانی پۆلێنی دیوی دەیی ٢٥

پاری سێیەم: بنەماکان و پلانی پۆلێنی کتێب ٣٧

پاری چوارەم: سیما بنچینەییەکان لە پلانی پۆلێنی دیوی دەییدا ٤٩

پاری پێنجەم: گرنگترین سیماکانی دابەشکردنی پێوانەیی (شێوەیی) ٨١

پاری شەشەم: رێبەری رێژەیی ٩١

بەشی دووەم ٩٧

پوختەکان

یەکەم: پوختەی یەکەم- دە بنەماکەی زانیاریی مرۆیی ٩٩

دووەم: پوختەی دووەم- سەد لقەکەی زانیاریی مرۆیی ١٠٠

سێیەم: پوختەی سێیەم- هەزار لقەکەی زانیاریی مرۆیی ١٠٥

خشتە سەرەکییەکان ١٤٩

سەرچاوەکان ٤٥٦

ئەکرەم گیان..

سەردەمانێ کتێب چرای رێگاو خۆراکی رۆحمان بوو، کاراکتەری خۆمان لە خوێندنەوەو فێربوونو بەشداریی گفتوگۆکانداو دواجار لە نووسینی بابەتی ئەدەبیدا؛ دەدییەوە.

حەفتاکانی سەدەی رابردوو کتێبی کوردیی کەم بوو، هەر بۆیە خۆمان فێری عەرەبی دەکردو کتێبە باشەکان لەنێوانماندا دەستاودەستیان دەکردو هەر کتێب بوو کە بەیەکی دەگەیاندینو دەیهێناینە قسەو هیواکانی پێ دەبەخشین، زۆربەی جاریش چایخانەکەی باوکت جێژوانو مەڵبەندی ئاخافتنەکانمان بوو.

ئێستا کتێب زۆرەو خوێنەرو خوێندەوار کەم! رەفەی کتێبخانەکان پڕاوپڕن لە کتێبی بەنرخ، بەڵام کەسانێکی کەم سوودیان لێ دەبینن!

من هەر لە ناو کتێبدا دەژیمو کاردەکەمو ئەم چاپکراوەشم کە بۆ بە زانستی کردنی کاروباری کتێبخانەکانی کوردستانە، لە تۆ شیرینترم نەبوو پێشکەشی بکەم، دە با لە بری چەپکە گوڵێکی ئەم بەهارە، ئەمە دیاریی دەستم بێت بۆ سەر گڵکۆت، ئەکرەمی مام عەلی، هاوڕێ خۆشەویستەکەم، تا دواساتی ژینم..

ی.ق. بەرزنجی

دیارییەکی بەنرخ بۆ کتێبخانەکانی کوردستان

محەمەد تاهیر پیران
سەرۆکی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی کوردستان

کتێبخانە گشتیو تایبەتەکانو کتێبخانەی خوێندنگاکانو زانکۆکان بنەمایەکی گرنگن بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریو مەعریفەو پەروەردەکردنی نەوەکانی هەر کۆمەڵگایەك بە بابەتی زانستیو پێویست لەپێناوی پەروەردەی درووستو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییانو فراوانبوونی ئاسۆی هۆشیارییان، لەم سەردەمەدا کتێبخانەکان سەرچاوەی هەرە دەوڵەمەندن بۆ فێربوونو پەروەردەبوونو داهێنان.

لەهەر جێگایەك کتێبخانە هەبێت، پیویستە کتێبی زانستیی (زانیارییەکانو کتێبخانەکان) لەبەردەستدابن تا بەباشترین شێوە سەرچاوەکانیان بخەنە بەردەستی سوودمەندان، (پێڕستو پۆلێن)یش وەك کلیلی گەڕانو دۆزینەوەی زانیارییە جیاوازەکان وایەو هەر لە کتێبخانەی منداڵانو خوێندنگاکانەوە تا دەگات بەگشتییەکانو تایبەتەکان، پێویستمان بەسەرچاوەکانی (پۆلێن)ی زانستیی دەبێت.

ئەم کتێبە بەنرخەی بەردەستمان پۆلێنی زانستی دیوی دەیی، بە تەواوی خشتەکانیەوە دەخاتە بەردەستی پۆلێنکاران و کارمەندانی کتێبخانەکانی کوردستانو شارەزابوون بە کارە هونەرییەکانی، پۆلێن شارەزابوونە بە زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان هەرچۆن کتێبخانە پێشکەوتووەکانی جیهان لەکاری رۆژانەیاندا ئەم راستییەیان لەبەرچاوگرتووە.

هەڵبەت تا ئەمڕۆ پرۆسەی پۆلێن لە کتێبخانەی کوردیدا لە ئاستێکی دواکەوتوودایەو نەتوانراوە لەبەر تیشکی زانستەکەدا سەرچاوەی کتێبخانەکان پۆلێن

بکرێن. بەڵام سەرچاوەی وەك ئەم کتێبە هانمان دەدات لە هەنگاوە هونەرییەکاندا پشت بە زانستەکە ببەستین‌و چیتر بەهەڕەمەکییانە ئەو کارانە ئەنجام نەدەین.

لێرەوە، دەبێ رۆڵی گەورەی وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی لە بیرنەکرێن و بەگەرمی دەستی برای وەرگێڕ (کاك یاسین قادر بەرزنجی)ی (شارەزا)ی بواری کتێبخانەکان بگوشین‌و داواش لە بەرپرسانی کتێبخانە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بکەین کە ئەم سەرچاوە دەگمەنە بکەنە ژێدەری کارکردنیان‌و لەبەشەکانی (پۆلێن)دا سوودی لێ ببینن.

کتێبەکە زانستییەو بۆ کاری پراکتیکی پۆلێن گونجاوە، لە پۆلێنی بەشەکانی مەعریفەی مرۆییدا دابەشکردنی سروشتی کراوە بەپێی قۆناغ بەندیی لە گشتییەوە بۆ تایبەت‌و هێندەی فراوانیی پۆلێنی دیوی جێگای هەموو زانستەکان‌و بەشەکان کراوەتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە کادری پۆلێن دەتوانێ ئەم سەرچاوەیە وەك رێبەرێکی پراکتیکی بە ئاسانی بەکاربهێنێت‌و سوودی لێ وەربگرێت.

دووبارە دەستخۆشی لە خەمخۆریی کاك یاسین دەکەین‌و ئەم کارە جدییەو سەرجەم کارەکانی دیکەشی بەرز دەنرخێنێنن.

هەولێر

٢٠١٢/١/٢٥

پێشەکیی وەرگێڕ

نووسەری ئەم کتێبە، کە کۆششێکی زۆری کردوە بۆ بەرهەمهێنانی دانراوەکەی، مەبەستی بووە لەم جۆرە سەرچاوەیە لە کتێبخانەی خوێندنگاکانو کتێبخانە گشتییەکاندا هەبێت، چونکە خشتەکانی پۆلێن کردن بە تەواوی خراونەتە بەرچاوو دەبێتە ژێدەری سوودبەخشی بەردەستی کارمەندی کتێبخانەکان.

نووسەر هەروەك لە پێشەکیی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ کردوە، پلانی پۆلێن کردنی بەشێوەیەکی لۆژیکی دابەشکردوە، بەشێوەیەك لقە بەسەردا دابەشکراوەکان پلەبەندییان لە گشتییەوە بۆ تایبەتی بۆکراوە، هەرچۆن هەموو جۆرەکانی مەعریفەی لەخۆگرتووە.

هەرچۆن وتویەتی"لەم پلانەدا ژمارەکانی پۆلێن بەسادەیی دانراون، بەشێوەیەك پسپۆڕی کتێبخانە هەر ژمارەیەکی بوێت بەئاسانی بیدۆزێتەوە".

لەم کتێبەدا، بێجگە لە توێژینەوەی زانستی سەبارەت پۆلێنی دیوی دەیی‌و بنچینەکانی دانانی‌و بنەماکانی‌و سیماکانی، بەوردی وێڕای خشتە سەرەکییەکانی پۆلێن، هەرسێ پوختەکەی بنەماکانی زانیاریی مرۆیی کە بریتین لە ١٠، ١٠٠، ١٠٠٠، خراونە بەرچاو و پێم وایە یەکەمین جارە بەزمانی کوردی سەرچاوەیەکی لەمجۆرەی تایبەت بە پۆلێنی کتێب بخرێتە بەردەست.

پێویستە بەگەرمی سوپاسی هاوکارانم بکەم کە هاریکارم بوون لەزۆر رووەوە بۆ سەرخستنی پرۆژەی وەرگێڕانی ئەم کتێبە گرنگەی (زانیاریی کتێبخانەو زانیارییەکان)، کە لەو بڕوایەدام کتێبخانەی کوردیی پێویستی زۆری پێیەتی، ئەوانیش بەڕێزان: شێرزاد سەعید محەمەدو ساکار عەلی عەبدوڵڵاو ئاری بابان‌و هاوڕێیانم کاك ئازاد بەرزنجی و د.نەورۆز شەوکەت کە لە دۆزینەوەی وشەو زاراوەی بەرامبەرو وردبینیی وەرگێڕاوەکانی مندا یاریدەدەرم بوون.

هەروەها هاوکارانم کاك مەهدی ئەحمەد قادر کە دیزاینی کتێبەکەی کردو خاتوو بەیان عەلی محەمەد کە تایپیو هەڵەچنیی ئەنجامدا، لەگەڵ هونەرمەند ئارام عەلی کە دیزاینی بەرگەکەی کێشا.

هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ کۆمەڵەی کتێبخانەکانی کوردستانو سەرۆکەکەی کاك محەمەد تاهیر پیران هەیە کە ئەرکی چاپکردنی کتێبەکەیان گرتە ئەستۆو بەهیوام گەلێك چاپکراوی تری سەر بەم زانستە بەکتێبخانەی کوردی بسپێرم.

هیوادارم کتێبەکەم فاکتەرێك بێ بۆ گەشەپێدانی کارە هونەرییەکانی کتێبخانەکانی کوردستان، کە وەرگێڕانی ماوەیەکی زۆری ویستو یەکێکە لەو پرۆژانەی یەکجار پێوەی ماندوو بووم، چونکە زاراوەی بەکارهاتووەکان لە پۆلێندا لای ئێمە زۆرنینو زانستەکەش لە کتێبخانەی کوردیدا بۆخۆی نوێیە.

ماوەتەوە بڵێم، بۆ وەرگێڕانی پوختەو خشتەکان پەنام بردووەتە بەر ئەم دوو فەرهەنگە بەنرخە:

*کەمالنامە، فەرهەنگی زانستی عەرەبی ـ ئینگلیزی ـ کوردی، دانانی کەمال جەلال غەریب، ٢٠٠٣.

*فەرهەنگی دەریا، عەرەبی ـ کوردی، ئامادەکردنی رزگار کەریم، چاپی دووەم، ٢٠٠٧.

یاسین قادر بەرزنجی

٢٠١٢/١/١٠

بەشی یەکەم

پۆلێنی کتێب لە کتێبخانەکاندا

پاری یەکەم: تەوەرە بنچینەییەکان لە پۆلێنی دیوی دەییدا

پاری دووەم: بنچینەکانی پلانی پۆلێنی دیوی دەیی

پاری سێیەم: بنەماکان و پلانی پۆلێنی کتێب

پاری چوارەم: سیما بنچینەییەکان لە پلانی پۆلێنی دیوی دەییدا

پاری پێنجەم: گرنگترین سیماکانی دابەشکردنی پێوانەیی (شێوەیی)

پاری شەشەم: رێبەری رێژەیی

پاری یەکەم

تەوەرە بنچینەییەکان لە پۆلێنی دیوی دەییدا

یەکەم: پۆلێن لە ژیانی رۆژانەماندا

دووەم: پێناسەی پۆلێن

سێیەم: سوودەکانی پۆلێن

چوارەم: ملفیل دیوی‌و رۆڵی لە دانانی سیستمی پۆلێنی کتێبدا

پێنجەم: سیستمی پۆلێنی دیوی‌و بەکارهێنانی لەسەر ئاستی جیهان

یەکەم: پۆلێن لە ژیانی ڕۆژانەماندا

ژیانی ئێمە پڕە لە نموونەکانی پیادەکردنی پۆلێن، بەبێ ئەوەی پێیان بزانین یان هەستی پێبکەین، ئەوەتا ئێمە لە ماڵەکانماندا ژووری میوان دیاری دەکەین، هەروەها ژووری نانخواردن‌و چێشتلێنان‌و نووستن. دەرمانسازیش دەرمانخانەکەی ڕێکدەخات‌و جێگای تایبەت بۆ هەر جۆرە دەرمانە دەستنیشان دەکات‌و لەگەڵ هەر داواکارییەکدا بەزوویی دەیاندۆزێتەوە، ئەمانە بۆ دوکانی میوەفرۆشیش هەر وایە‌و هەر میوەیە‌و لە شوێنی خۆیدا دادەنرێت، سێوی سوورو زەردو سەوز بەجیاو چەشنەکانی پرتەقاڵیش هەر یەکەیان بەجیا.

بەهەمان شێوە، کتێبخانەش پێویستی بەرێکخستنی سەرچاوەکانی زانیارییە تیایدا، ڕێکخستنێکی ئەوتۆ کە خوێنەر بەئاسانی‌و خێرایی هەرچییەکی بوێت بیاندۆزێتەوە، ئەگەر کتێبخانە بەپێی پلانی ڕێکخستنی دیاریکراو ڕێکنەخرێت، ئەوا خوێنەر سەری لێتێکدەچێت‌و نازانێ کتێبی مەبەست چۆن چۆنی بدۆزێتەوە، یان زۆر بەزەحمەت بۆی دەدۆزرێتەوە.

دووەم: پێناسەی پۆلێن

پۆلێن لە کتێبخانەدا بریتییە لە ڕێکخستنی سەرچاوەکان‌و ریزبەندیی کردنیان بەشێوەیەك کە ئەو سەرچاوانەی بابەتەکانیان لەیەکتر دەچن لەیەك جێگادا بن، هەروەها جیاکردنەوەی سەرجەم سەرچاوەکان بەپێی جیاوازییان لەبەر تیشکی بنەماو سیستمی دیاریکراو.

پۆلێن بریتییە لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی کەرەستە لەیەکچووەکان لە بەشی دیاریکراودا بەگوێرەی خەسڵەتی لەیەکچوویان، هەروەها پۆلێنی کتێب، هاوکات جیاکردنەوەیە لەیەکتر بەپێی بابەتەکانیان، ئەویش لەژێر ڕۆشنایی ڕێبازی دیاریکراوی پۆلێن کەوا کتێبەکان لەسەر تاخچنی(ڕەفەی) کتێبخانە دادەنرێن‌و

بـەوەش ئاسـانکاریی ئەنجامـدەدرێت بـۆ دۆزینـەوەی کتێبـی دیـاریکراوو زانینـی شوێنەکانیان بەخێرایی‌و کەمترین کۆشش.

واتە، پۆلێن کۆکردنەوەی لەیەکچووەکانە بـە پێـی مەرجـەکانی لەیەکترچـوونیان، هەروەها جیاکردنەوەی لەیەکنەچووەکانە بەپێی لەیەکترنەچوون‌و نەگونجانیان.

پۆلێن گرنگترین پرۆسەی هونەرییە کە لەگەڵ کتێبدا ئەنجام دەدرێت، هەر لەگـەڵ گەیشتنی بە کتێبخانە، لەگەڵ ئەم کارەدا، پرۆسەی گرنگی تـریش ئـەنجام دەدرێـت کە پەیوەستن پێوەی‌و تەواوکەرین بۆ ئامـادەکردنی کتێـب بـۆ بەردەسـتی خوێنـەر، وەکو پێڕست‌و لێوارنووسین (التکعیب)و دانانی کتێب بەڕێکخراوی‌و...تاد.

کاتێ مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێ کتێبی دیاریکراو بێت لە کتێبخانە تایبەتەکەیدا، هـەر کتێبە لەلای ناسراوەو بەئاسانی دەیدۆزێتەوە، بـەڵام کاتـێ ژمـارەی کتێبـەکانی روو لەزیاد بوون دەبـن، ئـەوا هـەر کتێبێکـی بوێـت بەزەحمـەت دەیدۆزێتـەوە، هەرچـۆن گەڕان بەناو ئەو هـەموو کتێبـە زۆرەدا کـە لەکتێبخانەکـەدا رێکنـەخرابن کـاتی زۆری دەوێت، هەربۆیە رێکخستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە بەهەر رێگایەك بێت کارئاسانی دەڕەخسێنێ بـۆ بـاش بـەکارهێنانی سەرچـاوەکان‌و دۆزینـەوەی هـەر سەرچـاوەیەك خـاوەن مەبەسـت بیـەوێت، ئەوانـە سـەرەتاو هۆکـاربوون لـە پەیـدابوونی بیرۆکـەی پۆلێن‌و بیرکردنەوە لە دانای سیستمی جۆراوجۆری پۆلێن کردن.

سێیەم: سوودەکانی پۆلێن

پۆلێن؛ سوودی گەورەی هەیـە بـۆ هەریـەك لـە خوێنـەرو پـسپۆڕی کتێبخانـە، بـۆ خوێنەر دەبێتە ئاسانکاریی لە دۆزینەوەی هەر کتێبێکدا کـە بیـەوێت، ئەمـە بێجگـە لـەوەی سـەرجەم ئـەو کتێبانـەش دەبینێـت کـەوا لـە مەبەسـتەکەیدا ئیـشی پێیـان دەبێت.

بەڵام بۆ پسپۆڕی کتێبخانە، پرۆسەی پۆلێن زەمینەی بۆ دەڕەخسێنێ کەوا خزمەتی خوێنەران بکات بە وەڵامدانەوەی داخوازییان لە کەمترین ماوەدا، بێئەوەی بە هیچ جۆرێك کاتیان بەفیڕۆ بدات.

هەر چۆن لەرێی پۆلێنی کتێبەکانەوە پەی بە لاوازیو کەموکورتیی لە سەرچاوەکانی کتێبخانەکەیدا دەبات‌و دەتوانێ وەك پێویست ئەو کەموکورتییانە نەهێڵێت‌و کتێبی نوێ لە بابەتی جۆراوجۆردا بگاتە کتێبخانەکە.

ئێمە، ئادەمیزادیش بەسەر سپی‌و زەردو سوورو رەشدا دابەشدەکەین، چونکە ئەوە خۆماکەو(غریزە) دەمانەوێ پۆلینی هەموو شتێك بکەین لەبەر:

١–بەئەنجام گەیاندنی کاروباری رۆژانەمان بێ بیرکردنەوەو بەخۆڕەسیی، گەر وانەبێت هەرجارێ بمانەوێ هەمان کاربکەین پێویستمان بە بیرکردنەوەی قووڵ دەبێت، کەواتە ئێمە لە جێبەجێکردنی کارەکانماندا کات‌و هەوڵمان بۆ دەگەڕێتەوە. ئەگەر وابێنینە بەرچاومان کە دەرمانساز پۆلێنی کاڵاکانی نەکردوە (ئەو دەرمانانەی لە دوکانەکەیدان)و هەموو لە جێگایەکدا بێ جیاکردنەوەو بە کۆمەڵی دانراون، کە کڕیار دێت‌و پێویستی بە دەرمانێکی دیاریکراو دەبێت؛ ئەوا پێویست بە کات‌و ماندووبوونی زۆر دەکات بۆ دۆزینەوەی ئەو دەرمانەی مەبەستێتی بەکەمترین کات چنگی بکەوێت.

٢–پۆلێن تاکی کۆمەڵ رادێنێ لەسەر بیرکردنەوەی لۆژیکییانەو هەڵسوکەوتی رێکوپێك، بەوەش لە زۆر گرفتی رۆژانە؛ کەشپرزەیی بیرکردنەوە درووست دەکەن؛ رزگاری دەبێت‌و چی بوێت ئەنجامی دەدات.

تێگەیشتن لەسیستمی پۆلێنی بەکارهێنراو لە کتێبخانەداو چۆنێتی پراکتیزەکردنی کارێکی یەکجار پێویستە بۆ سەرجەم کارمەندانی کتێبخانە، تا بتوانن کتێبەکان بگەێننە شوێنی خۆیان‌و بەئاسانیش بگەڕێنەوە سەریان لە تاخچنەکاندا.

کاری پۆلێن بەپلەی یەکەم پشتدەبەستێ بە تایبەتمەندییەکی بنچینەیی لە سەرچاوەکانی زانیاریدا کە ئەویش (بابەت)ەکە لەسەرچاوە، یان ناوەڕۆکدا بابەتی زانستی دەردەکەوێت، واتە ناوەرۆکی ئەو سەرچاوەیە، ئیتر کتێبی چاپکراو بێت یان نەواری ڤیدیۆ، یاخود C.Dی کۆمپیوتەریی، یان فیلمی دۆکیومێنتی؛ هەربۆیە پۆلێن پێناسە کراوە بە "دابەشکردنی لۆژیکیانەی زانیاریی مرۆیی، لەگشتیی تەواوەوە بۆ گشتییو بۆ تایبەتیو زۆر تایبەتیو بۆ ئەوپەڕی تایبەتمەند، تا دەگات بە بچووکترین بەشی ئەو زانیارییە مرۆییە".

لەم دابەشکردنەوە درەختێك بۆ هەر جۆرە زانیارییە دێتە بەرهەم کەوا قەدو لقو چڵوپۆپو گەڵای هەیە.

لەم روانگەیەوە، چەندین پۆلێنی جیهانیی هاتووەتە ئارا، وەکو: پۆلێنی دیویی دەیی جیهانی، پۆلێنی کتێبخانەی کۆنگرێسو پۆلێنەکانی هەریەك لە بلیسو براونو رانجاناتانو ئەوانی تر.

پۆلێنە سروشتییە بیبلیۆگرافیاییەکانیش هەر هەموویان لە کۆمەڵێ خەسڵەتو سیمای گشتیدا چوونیەکن، بەڵام لە درێژەو بەش بەشکردندا لەیەکتر جودا دەبنەوە، بەڵام خەسڵەتە گشتییە هاوبەشەکانی نێوانیان دەبێ بەپێی دابەشکردنێکی لۆژیکییانەی زانیارییە مرۆییەکان بێت.

پێویستە فەلسەفە؛ یان لۆژیك لەپشت پرۆسەی دابەشکردنەوە هەبێتو لەو بنچینەیەوە بەشەکان بەسەر لقو پۆلەکاندا دابەش بکرێن، ئەویش لە دابەزینی پلەبەپلەدا لە گەورەترینەوە بۆ گەورەوبۆ بچووكو بۆ بچووکترین.

ئەم کارە لۆژیکییە وادەکات پۆلێن بە دووربێ لە کاری خۆڕەس (العفویة)و بێسەروبەریو کاریگەریشی لەسەر پاراستنی پەیوەندیی سروشتیی نێوان بەشەکانی زانیاریی مرۆیی دەبێت، بەوپێیە بابەتی دایك؛ لەگەڵ منداڵو منداڵی منداڵەکانیو هەموو وەچەکەی لەشوێنێکی دابەزینی قووچەکییانەدا، ئەم لۆژیکییەی دابەشکردن

لە پۆلێنێ بۆ جۆرێکی تر جیاوازەو بەپێی ئەو گۆشەنیگایانە ئەنجام دەدرێن کە پۆلێن لێییانەوە دەڕوانێتە زانیاریی مرۆیی، هەروەها لە دیدێکی ئەوتۆوە کە لەئەنجامی روانینەکانەوە لێکدەدرێنەوەو دەبنە بناغەی پرۆسەی دابەشکردنەکە.

چوارەم: ملفیل دیوی‌و رۆڵی لە دانانی سیستمی پۆلێنی کتێبدا

ملفیل دیوی، بە بەناوبانگترینو هەڵکەوتووترین زانای بواری کتێبخانەکان دادەنرێت، لە١٠ی دیسەمبەری ساڵی ١٨٥١ لە شاری (ئادمز)ی نیویۆرك لەدایك بووەو رۆژی ٢٦ی دیسەمبەری ١٩٣١ کۆچی دوایی کردوە.

ملفیل دیوی ساڵی١٨٧٧ کۆلیژی (ئەمهرست)ی لە ویلایەتی ماساچوست تەواو کردوە، هەر لەوکۆلیژە بەیاریدەدەری ئەمینداری کتێبخانەکەی دامەزراوە، ساڵی١٨٧٧ گوێزراوەتەوە بۆ شاری (بۆستن)ی هەمان ویلایەتو لەوێ گۆڤارێکی بۆ کتێبخانەکان دەرکردوە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئەمریکاو دامەزرێنەری یەکەمین بەشی کتێبخانەکان بووە لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرك، لەرێی وانەوتنەوەو نووسینو موحازەرەکانیەوە توانیویە لەوماوانەدا پشگیریی لە پیشەی کتێبخانەکان بکات.

(دیوی) چاپی یەکەمی پۆلێنەکەی کە بۆ کتێبخانەی کۆلێژی ئەمهرستی ئامادەکردبوو، ساڵی ١٨٧٦ بڵاویکردەوەو بریتی بوو لە ١٠٠٠ بەشی بە ژمارەکراو لە (٠٠٠) تا (٩٩٩)، لەگەڵ پێڕستێکی رێژەییو پێشەکییەك لە ٤٤ لاپەڕەدا. بەوپەڕی ماندوونەناسیو دڵسۆزییەوە کاری کردوەوە بۆ دامەزراندنی پلانێکی سەرکەوتوو بەمەبەستی پۆلێن کردن لە کتێبخانەکاندا، ئەوەش لەو بیرکردنەوەیەوە سەرچاوەی گرتووە کەوا کتێبخانەکان لەو رووەوە هەژاربوونو پێویستیی زۆریان هەبووە بەپلانێك کە گونجاو بێ بۆ ریزبەندیی کتێبەکانیان، کاتێکیش گرفتو کۆسپ هاتوونە رێی ریزبەندیی کۆمەڵە کتێبەکان، چاوی بڕیوەتە داهێنانی پلانێکی تەواو بۆ پۆلێن کردنو لەو پێناوەشدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی هەوڵێکی زۆری داوە.

بۆ کارەکەی، لە دابەشکردنی زانیاریی لای هەریەك لە ئیفلاتونو ئەرستۆو بیکۆنو دیکـارت کۆڵیوەتـەوە، تـا گەیـشتووەتە دابەشـکردنی زانیـاریی بەشـێوەیەکی لۆژیکییانەو ئەو سیـستمەی داهێنـاوە کـە بووەتـە ناسـراوترینو کـۆنترین سیـستمی پۆلێن کە تا ئەمڕۆش لە کتێبخانەکاندا کاری لەسەر دەکرێت.

لەگـەڵ گەشـەو فراوانبـوونی زانیـاریی مرۆییـدا ئـەو پۆلێنـەش گەشـەی بەسـەردا هـاتووەو چـاپی دووەمـی لـە سـاڵی ١٨٨٥ لـە نزیکـەی سـێ سـەد لاپـەڕەدا بڵاوکراوەتـەوە، بـەر لـە دەرچـوونی چـاپی دوانزەیـەمی لـە سـاڵی ١٩٣٢دا (ملفیـل) ماڵئاوایی لەژیان کردوە، ئەو چاپە بریتی بووە لە ١٦٥٠ لاپەڕە، چـاپی بیستەمیـشی ساڵی ١٩٨٩ لە چوار بەرگـداو لـە سـێ هـەزارو سێسـەدو هەشـتاو هەشـت لاپـەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

بەردەوامیی ئەم پۆلێنە لە مـاوەی سـەدەیەكو چـارەکە سـەدەیەکداو دەرچـوونی چاپە نوێیەکانی لە هەر شەش ساڵ جارێکدا؛ بایەخی پۆلێنەکـە دەسـەلمێنێ، ئەمـە وێڕای پێویستیی زۆری کتێبخانەکان پێی، ئەو بەردەوامییەو ئەو گەشەکردنە بەهۆی هۆکاری ناوەکیی خودی سیستمەکەو هۆکاری دەرەکیی دەوری سیستمەکەوە بووە، ئەو هۆکارانە بە تـەنیا نەبوونەتـە مایـەی بڵاوبوونـەوەی سیـستمەکە لەسـەر ئاسـتی جیهان، بەڵکو بوون بە مایـەی وەرگێـڕانو هـەموارکردنیش لەکۆمـەڵێ زمانـدا، بـەڵام بەشـێکی کـەم لـەو وەرگێـڕانو هەموارکردنانـە فـەرمینو دوای مۆڵـەت وەرگـرتن لـە کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی (فۆریست پریس)و شارەزاکانیان کاریان لەسەر کـراوە، لـە وەرگێڕانە تەواوو فەرمییەکان ئاماژە بەهەریەك لە وەرگێڕانی فەڕەنسیو وەرگێڕانـی ئیسپانیو یەکێك لە وەرگێڕانە عەرەبییەکان دەکەین کە لەلایەن رێکخـراوی یۆنـسکۆ (پەروەردەو رۆشنبیریو زانست)ەوە بڵاوکراوەتەوە.

لەتازەترین چاپی سیستمی دیویدا گـەڵێ هـەموارکردن هـەن؛ ئـەوەش گونجـاوتری کردوە لە چاپەکانی پـێش خـۆی، هەرچـۆن بنـەمای زانیـاریی ئـەم سیـستمە فـراوان

بووەو بەشەکانی ناوی فراوان بوونو بەشی دیکەش چوونەتە ناویانەوە، هاوکات زاراوەکانیو پێناسەی بەشەکانی نوێکردنەوەیان بەسەرداهێنراوەو بەوەش بەنرخ تربووەو بەکارهێنانی نێودەوڵەتیی بۆی زیادی کردوە، لەگەڵ پلەی هەستیاریی بۆ پەسەندکردنی لەلایەن گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

گۆڕانکارییە پەیکەرییەکانی بریتی بوون لە چاکسازیی لەناونیشانەکانداو فراوانکردنی رێبەری رێژەیی.

توێژینەوەی بەردەوام لە پۆلێنی دەیی لە بەرهەمهێنانی دانەیەك لەو پۆلێنە خۆی دەنوێنێت، بەکارهێنانی؛ رێکخستنی کۆمەڵەی زۆری سەرچاوەکانی زانیاریی لێدەکەوێتەوە. کە بەپۆلێنی دیوی دەوترێت (سیستمی دەیی) واتە ریزبەندی زانیاریی بەپێی ناوەرۆکی کتێبەکان بە (١٠) دابەشکردنی بابەتیی فراوان لە (٠) تا (٩)، هەروەها بابەتەکان لە (١٠٠) بۆ (٩٠٠) کە سەرجەم کۆمەڵەکان بەپێی بابەتەکانیان لە زانیاریی مرۆییدا دەگرنەخۆ، هەر بەشەش دابەشدەبنەوە بەسەر (١٠) لقی ترداو ئەوانیش بەسەر (١٠)ی ترداو بەوشێوەیە.

دابەشکردنەکە دەییە، نەك بەدوای یەکدا، ریزبەندییەکە(بۆ نموونە) بەم جۆرەیە:

٣٣٣

٣٣٣,٠٠١

٣٣٣,٠١

٣٣٣,١

٣٣٣,١٣

٣٣٣,٢

لەسیستمەکەدا بەتەنیا ژمارە بەکاردێت، ئەوەش نموونەیە بۆ بەهێماکردنی تەواو، تیایدا بەئاسانی ژمارە زیاد دەکرێن بۆ سەر ژمارەی بەشەکان، ئەویش بۆ بەژمارەکردنی بابەتە زۆر تایبەتمەندەکان، بەڵام زۆرجار ئەم کردەیە وا لە پۆلێنکار

دەکات لقەکان زیاتر بکاتو بەوەش ژمارە یەکجار زۆر دەبنو بەئاسانی بەکار ناهێنرێن، هەربۆیە زۆر لە کتێبخانە گەورەکان چوونەتە سەر سیستمی دیکەی فراوانی وەك پۆلێنی کتێبخانەی کۆنگرێس.

زانیارییەکان، بەپێی ئەو سیستمە؛ بەسەر ئەم بەشە سەرەکییانەدا دابەشکراون:

(سفر) زانیاریی گشتی

(١) فەلسەفە

(٢) ئایینەکان

(٣) زانستە کۆمەڵایەتییەکان

(٤) زمانەکان

(٥) زانستە تیۆرییەکان

(٦) زانستە پراکتیکییەکان

(٧) هونەرەکان

(٨) ئەدەبیات

(٩) جوگرافیاو ژینناموو مێژوو

لەدابەشکردندا، بەشێوەی خشتە ئەو بەشانە دیاری دەکرێن کە بەکارهێنانیان بەربڵاوەو لە بابەتی جیاوازیشدان، تیایاندا ئەو ژمارانە بەکاردێن کە بیرکەوتنەوەیان ئاسانە. بەڵام رێبەری رێژەیی پەیوەندیی نێوان هەر بابەتێکی نێو رێبەرو بابەتی گشتیی (یان بەش) دیاری دەکات، یاخود بابەتەکە لەدوای وشەی دەروازەوە نیشاندەدات، ئەم سیستمە لە زۆربەی کتێبخانەی خوێندنگاکانو گشتییەکانداو کتێبخانەی تریشدا بەکاردێت.

پێنجەم: سیستمی پۆلێنی دیویو بەکارهێنانی لەسەر ئاستی جیهان

سیستمی پۆلێنی دەیی (ملفیل دیوی) بەفراوانترین سیستمی پۆلێنی کتێبخانەکان دادەنرێت لە جیهاندا، لە ١٣٥ وڵات زیاتردا بەکاردەهێنرێتو بۆ ٣٠زمان زیاتریش

وەرگێڕراوە، وەرگێڕراوە نوێیەکان بۆ هەر یەك لە زمانەکانی (عەرەبیو چینیو فەڕەنسیو یۆنانیو ئیتالیو ئەڵمانیو فارسیو رووسیو ئیسپانیو تورکی) یان تیادایە.

لەوڵاتە یەکگرتووەکان ٩٥٪ی کتێبخانەی خوێندنگاکانو گشتییەکان بەکاریدەهێنن، هەروەها ٢٥٪ی کتێبخانەی کۆلێژو زانکۆکانو ٢٠٪ی کتێبخانە تایبەتمەندەکانیش سیستمی پۆلێنی دیویی دەیی بەکاردەهێنن.

پاری دووەم

بنچینەکانی سیستمی پۆلێنی دیوی دەیی

یەکەم: هەموارکردن و نوێکردنەوەی بەردەوام

دووەم: چۆنیتی دیاریکردنی ژمارەی پۆلێنی کتێب

سێیەم: ئەو جیاکارییانەی دەبێت لە پلانی پۆلێنی درووستدا هەبن

چوارەم: بنچینەکانی پۆلێنی دیوی دەیی

یەکەم: هەموارکردن و نوێکردنەوەی بەردەوام

سیستمی دیوی بۆ پۆلێنی دەیی ساڵی ١٨٧٦ داهێنراوە، بەڵام بەشێوەیەکی بەردەوام بژارکردنی تێدا کراوە، تاوەکو بەرامبەر بەپێداویستییە گەشەکردووەکان وەك وەڵامێك وابێت و زانیاریی ببەخشێتە کتێبخانە تەقلیدییەکان و ناوەندە ئەلیکترۆنییەکان.

بەرهەمی ئەوانەش لە دووچاپی تەواوو کورتکراوەدا (پوختە) بڵاوکراونەتەوەو چاپی بیست و یەکەمی؛ یەکیان تەقلیدی و ئەوی دیکەیان ئەلیکترۆنییە.

لە کتێبخانەکانی نیشتمانی عەرەبیدا، پۆلێنی دیوی بایەخی زۆری پێدراوە، کۆششی خۆیان خستوەتە گەڕ بۆ وەرگێڕانی چاپێکی ئەسڵیی ئینگلیزییەکە بۆ زمانی عەرەبی، هاوکات هەوڵیانداوە دەستکاری و هەموارکردن لەو خشتانەدا بکەن کە لەکتێبخانەی عەرەبیدا گرنگیی خۆیان هەیە، ئەوەبوو (دار الکتب المصریة) یەکەمین دەستپێشخەریی لەساڵی ١٩٢٩دا کرد.

هەموارکردن لەو سیستمەدا هەر بەردەوام بوو، بەڵام بەشێوەی هەوڵی تاکە کەسی بوون و دیارترینیان هەوڵی هەردوو دکتۆر محمود الشنیطی و احمد کابش بوو بەناوی(کورتەیەکی پۆلێنی دەیی خشتەکان، کە بناغەکەی لەلایەن ملفیل دیوی دارێژراوە)و ساڵی ١٩٧٧ لەقاهیرە لەلایەن (دار المعرفة)وە لەچاپدراوە.

هەرچۆن فؤاد إسماعیل کۆششێکی باشی کردوە بۆ هەموارکردنەوەی پێویست لە سیستمی دیویدا، ئەویش لەکتێبەکەیدا(کورتەیەکی پۆلێنی دەیی: نەخشەکان/ ملفیل دیوی، وەرگێڕانی بەهەموارکردن و کورتکردنەوەوە فؤاد إسماعیل فهمی ، چ/١٨، الریاض، ١٩٧٩).

رەنگە وەرگێڕان و هەموارکردنەوەکەی رێکخراوی عەرەبیی پەروەردەو رۆشنبیری و زانست (یۆنسکۆ) بۆ پۆلێنی دیوی دەیی، باشترین وەرگێڕان بێت، چونکە بەهەوڵی هەروەزی و بەڕێبەرێکی شیکارییەوە خراوەتە بەردەست، هەرچۆن دامەزراوێکی

هەرێمایەتی رۆشنبیریی چاودێریی کردووە، هەربۆیە بواری نوێکردنەوەی زیاترەو پێشنیازی بەکارهێنەرانی باشتر جێگای تێدا دەبێتەوە، یاخود هەر گۆڕانکارییەك بەسەر چاپە ئینگلیزییەکەدا لەداهاتوودا بێت دەتوانرێ لەمیشدا رەنگی پێبدرێتەوە.

هەموارکردنە عەرەبییەکان هەموویان بەشدارن لە هەمواری بابەتەکانی (ئایینەکان، زمانەکان، ئەدەبیات، جوگرافیاو مێژوو)و بەشێکیان لەو بوارانە زیاتر دەگرنەوەو وردە هەموارکردنێك لەبوارەکانی (کارگێڕیی گشتی، یان پەروەردەو فێرکردن)دا دەکرێت.

هەموارکردن لە (ئایین)دا یەکجار پێویست بوو، چونکە لەبنەڕەتدا پۆلێنی دیوی بە بەرفراوانی کاری لەسەر ئایینی مەسیحی کردوەو بۆ لقەکانی ژمارە (٢٢٠ تا٢٨٠)ی پێدراوە، ئیتر هەرچی ئایینەکانی تر هەیە لەژمارەی (٢٩٩)دا یەکخرابوون، هەربۆیە ئایینی ئیسلام لەم ژمارەیەدا دانرابوو و ئایینی دیکەی وەکو (ئایینی ئەڵمانی، نەژاد هیندییەکان، زەردەشتیو یەهودی)ی پێشخرابوون.

هەربۆیە هەموارکردن کراو ئایینی ئیسلامی خرایە پێشەوەو بۆ سەرجەم هەموارکردنەکان لقەکانی (٢١٠–٢١٩) دانرانو دەست بۆ لقەکانی دیکە نەبراو وەك خۆیان هێڵرانەوە.

ئەوەی ئایینی ئیسلامیی خستە پێش مەسیحییەوە، هەموارکردنەکەی فؤاد إسماعیل بوو، هەموارکردنە فراوانەکەی ئەو بەمجۆرەی لێهات:

٢٠٠ ئایینەکان

٢١٠ ئایینی ئیسلام

٢٢٠ زانستەکانی قورئان

٢٣٠ فەرموودەکانی پێغەمبەر

٢٤٠ ئوسوڵی ئایین

٢٥٠ شەریعەتی ئیسلامی (الفقة)

٢٦٠ سۆفیزم

٢٧٠ ئایینی مەسیحی

٢٨٠ گروپە مەسیحییەکان

٢٩٠ ئایینەکانی تر

ئەم هەموارکردنە بە فراوانیی پەسەندکرا، چونکە دەرفەت بۆ بەرهەمی فکری عەرەبیی لەبواری ئایینی ئیسلامدا رەخسا تا بەشی خۆی لە درێژەی پۆلێندا پێببڕێت.

سەرجەم هەموارکردنەکان، بەوەی (فؤاد إسماعیل) یشەوە (زمان)یان گرتەوە، تیایاندا زمانی عەرەبی خرایە (٤١٠ـ٤١٩)وە، لەبری جێگای لەنێو زمانەکانی تردا، دابەشکردنی ئەم زمانە چووە نێو پۆلێنی سەرجەم زمانەکانی ترەوەو بەمجۆرە:

٤٠٠ زمانەکان

٤١٠ زمانی عەرەبی

٤١١ نووسینو دەنگەکان

٤١٢ داتاشین (الاشتقاق)

٤١٣ فەرهەنگە عەرەبییەکان

٤١٤ رەوانبێژیی عەرەبی

٤١٥ رێزمانی زمانی عەرەبی

٤١٦ کێشو سەروا

٤١٧ شێوەزارە عەرەبییەکان

٤١٨ بەکارهێنانی زمانەوانی

٤١٩ مێژووی زمانی عەرەبی

٤٢٠ زمانی ئینگلیزی

٤٣٠ زمانی ئەڵمانی

٤٤٠ زمانی فەڕەنسی

٤٥٠ زمانی ئیتالی

٤٦٠ زمانی ئیسپانی

٤٧٠ زمانی لاتینی

٤٨٠ زمانی یۆنانیی کۆن

٤٩٠ زمانەکانی تر

هەرچۆن سەرجەم هەموارکردنەکان کۆك بوون لەسەر دانانی (ئەدەبیاتی عـەرەبی) لەسەرەتای ئەدەبیاتدا هەروەکو (زمان)، لە ٨١٠ـ٨١٩، وەك ئـەدەبیاتی زمانـانی تـر بەمجۆرە دابەشکراوە:

٨٠٠ ئەدەبیات

٨١٠ ئەدەبی عەرەبی

٨١١ شیعری عەرەبی

٨١٢ درامای عەرەبی

٨١٣ چیرۆکی عەرەبی

٨١٤ وتاری ئەدەبی

٨١٥ وتاربێژیی عەرەبی

٨١٦ نامەی عەرەبی

٨١٧ دەگمەنەکانو گاڵتەوگەپ

٨١٨ کۆمەڵەی ئەدەبیاتی عەرەبی

٨١٩ پەخشانی عەرەبی

٨٢٠ ئەدەبیاتی ئینگلیزیو ئەمریکی

٨٣٠ ئەدەبیاتی ئەڵمانی

٨٤٠ ئەدەبیاتی فەڕەنسی

٨٥٠ ئەدەبیاتی ئیتالی

٨٦٠ ئەدەبیاتی ئیسپانی

٨٧٠ ئەدەبیاتی لاتینی

٨٨٠ ئەدەبیاتی یۆنانی

٨٩٠ ئەدەبیاتی تر

بەڵام هیچ یەك لە هەموارکردنەکان شۆڕشێکیان لەبوارەکانی جوگرافیاو مێژوودا بەرپانەکردوە، ئەوەتا (فؤاد إسماعیل) مێژووی ئیسلامو عەرەبی دورگەی عەرەبیی لە(٩٥٣) دا داناوە، بەڵام وڵاتی شامو عێراقو باکووری ئەفریقای نوێی خستووەتە ٩٥٦ (مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)و ٩٦١ـ٩٦٦ (باکووری ئەفریقا)، ئەویش لەژێر کاریگەریی هەموارکردنەکەی (د.محمود الشنیطی)دا.

بەڵام هەموارکردنەکەی رێکخراوی عەرەبیی بۆ پەروەردەو رۆشنبیریو زانست هەموو مێژووی ئیسلامو عەرەبی کۆنو نوێی لە(٩٥٦)دا (بۆ وڵاتانی عەرەبیی ئاسیا)و(٩٦١ـ٩٦٦)ی بۆ (وڵاتانی عەرەبیی ئەفریقا) داناوە.

هەربەو شێوەیە زۆربەی گرفتی پۆلێنی بەرهەمی هزریی عەرەبیو ئیسلامیی چارەسەرکراوە، بەڵام هێشتا مەسەلە گەورەکە تەواو نەبووە، ئەویش دانانی پۆلێنێکی سەرانسەرییە؛ کە هەرچی هەموارکردن هەیە، بگرێتە خۆی.

دووەم: چۆنێتی دیاریکردنی ژمارەی پۆلێنی کتێب

کەسێك کە پۆلێنی کتێب دەکات کاتی ئەوەی نییە چی کتێب لە کتێبخانەدا هەیە بیانخوێنێتەوە، هەندێك جار ناونیشانی کتێب دیارەو پۆلێنکار دەتوانێت راستەوخۆ ژمارەی پۆلێنی کتێبەکە دیاری بکات، بەڵام جاری تر هەیە بەتەنیا ناونیشان بەس نییە بۆ پۆلێنی کتێب، چونکە نووسەری وا هەیە ناونیشانی سەرنجڕاکێشی ئەوتۆ دەنووسێت کە هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەرۆکی کتێبەکەیەوە نییە. هەربۆیە

پێویستە پەنا بەرێتە بەر یەکێك لەو رێگایانەی بەهۆیانەوە دەگاتە ئامانجی خۆی، کەگرنگترینییان بریتیین لە:

١ ـ ناونیشانی کتێب:

زۆرجار بابەتی کتێب دەخاتە روو، بەڵام ناونیشانی وایش هەیە کەسەر لە خودی پۆلێنکارو خوێنەریش تێکدەدات، هەربۆیە پێویستە پۆلێنکار بەتەنیا تەماشای ناونیشانی کتێب نەکات، بەڵکو بڕوانێتە ناوەرۆکەکەشی، هەرچۆن دەبێ پۆلێنکار ئاگای لە ناونیشانە سەرنجڕاکێشەکان بێت، ئەوانەی لەیەکچوواندنو وشەی خوازراویان تێدایە.

٢ ـ پێڕستی کتێب (لیستی ناوەرۆك):

گەر لەرێی ناونیشانەوە نەتوانرا بابەتی کتێبەکە بناسرێت، ئەوا دەبێ کەسی پۆلێنکار بەوردی ئیندێکسی کتێبەکە بخوێنێتەوەو سەرنجی بەشەکانی بدات، زۆربەی جار ئیندێکس رێنیشاندەر دەبێت بۆ ناوەرۆكو بابەتی کتێب.

٣ ـ ناونیشانی بەشەکان:

گەر لەکتێبدا ئیندێکس رێکنەخرابوو، ئەوا دەبێت پۆلێنکار تەماشای ناونیشانی یەك بەیەکی بەشەکان بکات تاوەکو لەبابەتی کتێبەکە تێبگات.

٤ ـ بەرایی یان پێشەکی :

چاکتر وایە پۆلێنکار پێشەکی کتێبەکە بخوێنێتەوە، چونکە هەمیشە نووسەر مەبەستی خۆی لەپێشەکیدا دەخاتە روو.

٥ ـ رێبەر:

رێبەری کتێب کە لە کۆتاییدا دادەنرێت رێنیشاندەری گرنگە بۆ ناسینی بابەتی کتێبەکە.

٦ ـ سەرچاوەکانی کتێب:

پێویستە پۆلێنکار تەماشای لیستی سەرچاوەکانی کتێب بکات، ئەوانەی نووسەر بۆ نووسینی کتێبەکەی پشتی پێبەستوون، دیارە سەرچاوەکان لەدوا لاپەڕەکانی کتێبی چاپکراودا دادەنرێن، بەو رێگایەش بەناوەرۆك و بابەتی کتێبەکە ئاشنا دەبێت.

٧ـ خوێندنەوەی دەق (دەقی کتێب):

گەر بەهیچ یەکێك لەو رێگایانە نەتوانرا بابەتی کتێبێك دەربکەوێت، ئەوا دەبێ پۆلێنکار دەقی چەند بەشێکی کتێبەکە بخوێنێتەوە.

سێیەم: ئەو جیاکارییانەی دەبێت لەپلانی پۆلێنی درووستدا هەبن

*دەبێت پلانی پۆلێن بەتەواوی لەگەڵ سروشتی کتێبدا، وەك یەکەیەکی ماتریالی (مادی) بگونجێ، لەگەڵ ناوەرۆکە فکرییەکەشیدا.

*پلانەکە بەشێوەیەکی لۆژیکی دابەشکرا بێت، لق و بەشەکانیش پێویستە بەشێوەی پلەپلەبن، واتە لەگشتییەوە بۆ تایبەتی، دوای دابەشکردنیان بەسەر بوارەکاندا (ریز، لق، بەش).

*کار لەبابەتی سەرەکیدا دەکرێت، ئینجا درێژەی بابەتەکان.

*دەبێ بەدرێژیی بێت.

*دەبێ تێڕوانینی بێلایەنانە بەرامبەریان هەبێت (روانگەی هەموو کایەکانی مەعریفە) تیایاندا ببینرێتەوە.

*جێگای هەموو بەشەکانی مەعریفەی تیادا ببێتەوە، بێ ئەوەی کار لەسیستمی پۆلێن بکات.

*دانانی سەرەبابەتەکان، تا هیچ گومانێك درووست نەبێت و سنووری هەر بەشە زانراو بێت، لەگەڵ لقەکانیان.

*باشدانانی ژمارەکان، بەشێوەیەك کارکردن لەسەریان سادەو ئاسان بێتو توانای لەبەرکردنیان هەبێت، پاشانیش؛ بتوانرێت ژمارەی دیکە زیاد بکرێت بۆ بابەتی نوێو سەرچاوەی زۆرتر، بێئەوەی کار لەسیستمی بە ژمارەکردن بکات.

*دەبێ رێبەری هیجایی بۆ بابەتەکان رێکبخرێت تا بەخێرایی جێگای هەر بابەتە لەنەخشەی پۆلێندا دیاری بکرێت، بابەتە بەکارهێنراوەکان لەوپلانەدا بەشێوەیەکی هیجایی ریزبەندی دەکرێت، بەرامبەر هەر ژمارەیەو بەپێی نەخشەکە بابەتەکە دیاری دەکرێت.

چوارەم: بنچینەکانی پلانی پۆلێنی دیوی دەیی

ئامانجی سەرەکیی لە پۆلێنکردن، پۆلێنی مەعریفە نییە بەشێوەیەکی تیۆری، بەڵکو پۆلێنی کتێبە بە پراکتیکی تاوەکو رێکبخرێنو خوێنەر بتوانێ بێ ماندووبوونو لەماوەیەکی کەمدا بیاندۆزێتەوە.

کە کتێبخانەیەك پۆلێن دەکرێت، بۆ بەباش بەکارهێنانی سەرچاوەکانێتی، ئەویش لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانەدا:

١–کۆکردنەوەی کتێب لە کۆمەڵەکاندا بەپێی پەیوەندیی هەر کۆمەڵەیە، یاخود خەسڵەتی هاوبەشیان لەیەك کۆمەڵەدا.

٢–پێکەوەگرێدانی کتێبەکان بەپێی پەیوەندیی بابەتییان لەنێوان بابەتە جۆراوجۆرەکاندا.

٣–رێکخستنی کتێبەکان لەنێو تاخچنی دۆڵابەکان، بەشێوەیەك بتوانرێ کتێبی نوێ بخرێتە سەریان، هاوکات لابردنی کتێبی تر کە بەپێی بابەت دووربن لێیان.

٤–دانانی هێما بۆ بەژمارەکردنی کتێبەکان، تا بەئاسانی لە جێگای خۆیاندا دابنرێنەوە، هاوکات پێداچوونەوە بە ریزبەندییانو چۆنێتی دانانیان لەسەر تاخچنەکان، یان داگرتنیان بۆ خوێنەر.

٥–ئاگاداربوون لە زنجیرەی لۆژیکییانە بۆ ریزبەندییان لەگشتییەوە بۆ تایبەتی، واتە لەبەشەوە بۆ لقو لقی بچووکتر.

٦–بەستنەوەی تاخچنی کتێبەکان بەکارتی پێڕستەوە، بەشێوەیەك رێنیشاندەر بێ بۆ جێگای کتێبەکان.

ئەمانە بەپلەی یەکەم رۆڵیان دەبێ بۆ ریزبەندیی کۆمەڵەکانی کتێب، واتە بەپێی بەهای بابەتییان، بەڵام نابێ لایەنی فۆرمو بەهای شێوەی کتێب فەرامۆشکرابێ، چونکە ئەوە دەبێتە بوونی ماترییاڵیو بەرچاوی کتێب.

بەکارهێنانی کتێب لە کتێبخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە؛ ئەویش بەپێی سروشتی هەریەکەیان، ئەوەتا کتێبخانەیەکی گشتی جیاوازە لەیەکێکی تایبەتمەند، یان کتێبخانەی خوێندنگایەکی سەرەتایی، هەربۆیە دەبێ رێساو بنەمای دیاریکراو لە پۆلێنی هەر جۆرە کتێبخانەیەکدا بگرێتە بەر.

پاری سێیەم

بنەماکان و پلانی پۆلێنی کتێب

یەکەم: بنەما گشتییەکانی پۆلێنی پراکتیکی

دووەم: پلانی پۆلێنی دیوی دەیی

سێیەم: پلانی لەوەوبەر ئامادەکراو

یەکەم: بنەما گشتییەکانی پۆلێنکردنی پراکتیکی

١- دانانی کتێب بە جۆرێکی ئەوتۆ کە گەورەترین سوود ببەخشێت، مەبەست لەم بنەمایەش دانانی کتێبە لەو جێگایەدا کە پۆلێنکار پێشبینی دەکات زۆرترین خوێنەر رووی تێبکەنو سوودمەندبن لێیان، کتێبخانەکان لەنێو خۆیاندا جیاوازن لەڕووی بەرپرسیارێتی پۆلێنکارەوە، ئەویش: ئایا کتێب لەکوێدا دادەنرێ کە سوودی گەورە بگەیەنێ بەخۆێنەر؟

باچەند نموونەیەك بهێنینەوە:

*کتێبی (سابوون)، ئایا لەنێو ئەو کتێبانەدا دادەنرێت کە سەبارەت پیشەسازین، یان دەخرێتە نێو ئەوانەوەی کە دەربارەی پاکژکەرەوەکانن؟

*کتێبی (بەناوبانگترین پزیشکەکانو داهێنانە پزیشکییەکانیان) دەخرێتە ژینناممەوە، یان دەخرێتە ئەو کتێبانەی کە تەرخانن بۆ باسەکانی پزیشکی؟

هەربۆیە دەبێت پۆلێنکار سروشتی هامشۆکەرانی کتێبخانەکەی لەبەرچاو بگرێت، هەروەها ئامانجی کتێبخانەکەشی لەبڕیارەکانیدا بەهەند وەربگرێت.

٢- دەبێت پۆلێن بەپلەی یەکەم بەپێی بابەت بێت، پاشان بەپێی ئەوشێوەیەی (فۆرم) کە بابەتی کتێبەکەی لەسەر دانراوە، با نموونە بۆ ئەمە بهێنینەوە:

زمان/ اللغة (پۆلێن بەپێی بابەت)

فەلسەفەی زمان/ فلسفة اللغة (پۆلێن بەپێی فۆرم)

هەمیشە بابەت بناغەیە بۆ پۆلێن کردنی هەر کتێبێك، پۆلێن هەمیشە بەپێی بابەتە، تەنیا لەدوو حاڵەتدا نەبێت:

* دانراوە گشتییەکان/ المؤلفات العامة(٠٠١-٠٩٩)، کە بریتین لە:

فەرهەنگی زمان، ئینسایکلۆپیدیا، کۆمەڵە وتار..تاد، بەشێوەیەك پۆلێن دەکرێن، جیا لەپۆلێن بەپێی بابەت، چونکە لە بابەتێکی دیاریکراو ناکۆڵنەوە، بەڵکو لە چەندین بابەت دەکۆڵنەوە.

* ئەدەبیاتی زمان/ آداب اللغات(٨٠٠–٨٩٩) هەر هەموویان بەشێوەی (چیرۆك، شیعر، شانۆنامەو...تاد) پۆلێن دەكرێن، نەك بەپێی بابەت، چونكە ئێمە سەرنج نادەینە بابەتی چیرۆك، یان بابەتی قەسیدەی شیعریی، بەڵكو بەتەنیا فۆرمەكەیمان بەسە بۆ پۆلێن، چونكە هەر ئەوەشە مەبەست لەئەدەبیات.

ئەو كتێبانەی كە فۆرمی دیاریكراویان هەیە، وەكو فەرهەنگەكانو ئینسایكلۆپیدیاو...تاد، ئەوانەی گوزارشت لە بابەتی دیاریكراو دەكەن، بەپلەی یەكەم ئەو كتێبانە هێمای نیشاندەر بەپێی بابەتەكانیان وەردەگرن، ئینجا بەپێی فۆرمی كتێب هێما وەردەگرن، بۆ نموونە:

فەرهەنگ لە زانستی رووەكزانی/ محجم فی علم النبات (٥٨٠,٣).

٣–پۆلێنی كتێب بەپێی نزیكترین ناونیشان دەبێ كە رێنیشاندەر بێت بۆی، یان بە تایبەت لەبەر رۆشنایی خەسڵەتەكانی بێت، ئەگەر كتێبێك باس لە(شانۆكان/ المسارح) بكات، ئەوا پۆلێنكردنی لەژێر ئەو ناونیشانەدا دەبێت كە ژمارەی پۆلێنی(٧٩١,٥)وەردەگرێت، نەك لەژێر ناونیشانی گشتگیرتردا كە(ئامڕازەكانی خوشگوزەرانی گشتیی/ وسائل الترفیه العامة،یەو دەچێتە خانەی ژمارەی پۆلێنی(٧٩١)ەوە.

نموونەیەكی تر:

كتێبێك سەبارەت بابەتی(صناديق توفير البريد) بێت، ئەوا لەژێر ئەو ناونیشانەدا پۆلێن دەكرێت كە كتێبەكانی(توفير البريد)یان لە خۆگرتووە، نەوەك لە بابەتی گشتیی(بنوك الإدخار)دا، یان لەژێر ناونیشانی فراوانتری(اقتصاد المال)دا:

صنادق توفير البريد	٣٣٢,٢٢
بنوك الإدخار	٣٣٢,٢
اقتصاديات المال	٣٣٢

٤- ئەگەر کتێبێك دوو یان سێ بەشی سەبارەت بابەتێکی گشتی بوو، ئەوا پۆلێنکردنی لەبەر رۆشنایی بەشە زۆرەکەیدا دەبێ، گەر وانەبوو دەچێتە خانەی بەشی یەکەمیەوە، ئەگەر کتێبێکیش زیاد لەسێ بەش بوو، ئەوا دەچێتە خانەی پۆلێنی ئەو بەشەی گشتگیر ترە.

بۆ نموونە:

کتێبێك باس لە بابەتەکانی(فێرکردن/ التعلیم، بەڕێوەبردن/ الإدارة، رێکخستن/ التنظیم)بکات، ئەوا پۆلێنی لەسەر یەکێك لەو بابەتانە دەکرێت کە فراوانتربێت لەوانی تر، گەر هێندەی یەکیش بوون ئەوا دەخرێتە خانەی یەکەمیانەوە.

٥- ئەگەر بابەتێك، لەبابەتێکی جیاوازتر دوا، ئەوا پۆلێنی لەسەر ئەوەی دووەمیان دەبێت کە لێی دەدوێت، بۆ نموونە:

کتێبێك باسی (البصریات الهندسیة) بکات، ئەوا لە خانەی (بینین/ البصریات)دا پۆلێن دەکرێت، نەك لەبابەتی ئەندازە/ الهندسة.

٦- ئەگەر کتێبێك سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراوی ناوچەیەکی جوگرافی بوو، ئەوا یەکەمجار لەژێر بابەتدا پۆلێن دەکرێت.

بۆ نموونە:

کتێبێك بەم ناونیشانە بوو (الحیاة الأجتماعیة فی الریف المصری)، دەبێ یەکەمجار لەبابەتی (کۆمەڵناسی)دا پۆلێن بکرێت، پاشان هێمای رێنیشاندەر دیاری بکرێت بۆ ناوچە جوگرافیەکە کە (میسر)ە.

٧- کتێبەکانی مێژوو سەرەتا بەپێی (کیشوەرەکان) دابەشدەکرێن، ئینجا بەپێی وڵاتەکان.

٨- ئەگەر جێگایەك لە نەخشەکانی پۆلێندا بۆ بابەتی کتێب نەبوو، بۆ نموونە کتێبێك باس لە بابەتێکی یەکجار نوێ بکات کە لەوەوبەر لە پلانی پۆلێندا نەبووبێت، دەبێ پۆلێنکار بەشوێن نزیکترین شوێنی گونجاودا بگەڕێ بۆ بابەتی کتێبەکەی، لەم

کاتەدا دەبێ ئەو کەسە زانیاریی تەواوی هەبێ لەسەر ئەو بوارەی کە کتێبەکە باسی دەکات.

باشتر وایە، پۆلێنکار زانیاری تەواوی هەبێ سەبارەت بە پوختەی نەخشەکانی پۆلێنی دیوی دەیی، چونکە کاتێك دەیەوێ بابەتی کتێب دیاری بکات تا پۆلێنی بکات دەتوانێت لەجێی گونجاودا دایبنێت،(نەك هەموو جار بگەڕێتەوە سەر کورتەی نەخشەی یەکەم).

هەرچۆن پێویستە پۆلێنکار شارەزایی هەبێت لەو بابەتانەی لە پوختەی نەخشەی دووەمی پۆلێندا هاتوون، لەگەڵ ئەوانەی لە پوختەی سێیەمدا هەن، لەگەڵ بەردەوامیی لە بەکارهێنانی نەخشەکانیشدا شارەزایی زۆرتر دەبێ لە دیاریکردنی بابەتی کتێبداو هەڵبژاردنی ژمارەی پۆلێنی گونجاو، بەبێ ماندووبوون.

دووەم: پلانی پۆلێنی دیوی دەیی

لەو پۆلێنانەیە کە دابەشبوونی زانیارییەکان بەسەر دە پلەی سەرەکیدایەو هەریەك لەو پلانەش دابەشدەبنەوە بەسەر دە بەشی تردا، هەریەك لەوانیش دابەشدەبنەوە بەسەر دە لقداو بەو شێوەیە، بۆ نموونە:

زانیاریی کۆمەڵایەتی (پلەی سەرەکیی)	٣٠٠
پەروەردەو فێرکردن (بەش)	٣٧٠
پرۆگرامەکانی خوێندن (لق)	٣٧٥

هەر بەو شێوەیەی پۆلێنی (دیوی دەیی)و پلە سەرەکییەکان لە (دیوی)دا بەمجۆرەیە:

زانیاریی گشتی

فەلسەفەو سایکۆلۆژیا

ئایینەکان

زانستە کۆمەڵایەتییەکان

زمانەکان

زانستە تیۆرییەکان

زانستە پراکتیکییەکان

هونەرەکان

ئەدەبیات

جوگرافیاو ژینناموو مێژوو

لۆژیکی پشت ئەو دابەشکردنانە؛ بەپێی بیرکردنەوەی (ملفیل دیوی)، ئەو ئادەمیزادە بووە کەبۆ یەکەمجار دابەزیوەتە سەر زەوی‌و دەستی کردوەتە پرسیار لەخۆی‌و گەردوونی دەوروبەری (فەلسەفەو دەروونزانی)، پاشان مرۆڤ روو لەپەروەردگاری خۆی‌و درووستکەری گەردوون بووەو پەیوەندیی لەنێوان خۆی‌و خودادا درووست بووە (ئایینەکان)، چەندە مرۆڤ بەکات‌و شوێنی تردا رەت بووبێت، گروپی دیکەی ناسیوەو پەیوەندیی لەگەڵدا بەستوون‌و لێیان کۆڵیوەتەوە (زانستە کۆمەڵایەتییەکان)، دەبوو گەشە بە هێماکانی ئاخافتن بدرێت لە نێوان خەڵکی جیاوازو لە ناو یەك جۆر لە خەڵکیدا (زمانەکان)، مرۆڤ دوای ئەوە بیرکردنەوەی پەتیی هەبووە بەرامبەر خۆرو ئەستێرەکان‌و زەمین‌و رووەك‌و ئاژەڵ‌و جەستەی مرۆیی (زانستە تیۆرییەکان).

پاشان مرۆڤ ئەو زانیارییەی بەکارهێناوە بۆ هێنانەدیی سوودی بەرچاو بۆ خودی خۆی، واتە بەکارهێنانی زانیارییەکان لەبوارەکانی کشتوکاڵ‌و پزیشکی‌و تەلارسازی‌و چێشتلێنان‌و گۆڕهەڵبەستن.. تاد؛ (زانستە پراکتیکییەکان)، پاش ماندووبوونی مرۆڤ بەدەست کاری پراکتیکییەوە پێویستی بەحەوانەوەو کاتبەسەربردن‌و رابواردن هەبووە (هونەرەکان)و پاشان تۆمارکردنی ئەو هونەرانە (ئەدەبیات)، دواجار مرۆڤ لەگەشتی سەرزەویدا پێویستی بەوەسف‌و تۆمارکردن هەبووە بۆ نەوەکانی داهاتوو:

وەسـفی زەمـین، وەسـفی رووداوەکـانو تۆمارکردنیـان، وەسـفی مەزنـە مرۆڤـەکانو بەناوبانگەکانیان (جوگرافیاو ژیننامەو مێژوو).

بەو شێوەیە (دیوی) زانیاریی مرۆیی دابەشکردووە بەسەر نۆ بەشی سەرەکیدا، کە لەریزبەندییەکی لۆژیکیداو بەپێی تێڕوانینی خۆی هاتوون، پاشان مرۆڤ هەستی بـەوە کردووە کە هەندێ بابەت بەپێی لۆژیك ناچنە نێوان هیچ یەك لـەنۆ بەشـەکەوە، هـەر بۆیـە ئـەو بابەتانـەی لەبەشـێکی گـشتیدا کۆکردوونەتـەوەو لـە سـەرەتای پۆلێنـدا داینـاونو بەوەش پۆلێنەکە بووەتە دەبەش.

(ملفیل دیوی) هـەر بەشـەی دابەشـکردووە بەسـەر دە لقـدا، لەگـەڵ رەچـاوکردنی دووبـارەی لۆژیکـدا، بـۆ نموونـە پلـەی زانـستە کۆمەڵایەتییـەکان (٣٠٠) ئەمانـەی لەخۆگرتووە:

٣١٠ ئامار

٣٢٠ سیاسەت

٣٣٠ ئابووری

٣٤٠ یاسا

٣٥٠ کارگێڕیی گشتی

٣٦٠ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی

٣٧٠ پەروەدەو فێرکردن

٣٨٠ بازرگانیو گواستنەوە

٣٩٠ دابو نەریتو فۆلکلۆر

هەر بەو شـێوەیە؛ لەهـەموو پلانـی پۆلێنـدا، کـە بـە پلانـی پـۆلێنی دیـوی دەیـی ناونراوە.

بەهێماکردن

پۆلێنی دیوی دەیی بەشێوەیەکە هەر بابەتـە لـەنێو پۆلێنـدا هێمـا؛ یـان ئامـاژەی خۆی هەبێ بەدەلالەتی کۆدی خۆیەوە، ئەو هێمایە، یان ئـەو کـۆدە گوزارشـت بـووە لەبابەتێك و نەکراوە بە بابەتی تر قەرەباڵغ بکرێت، دەبوو هێماکان بەتـەنیا لـەژمارە پێکبێن، ئەو هێمایە دەبووە ئاماژە بـۆ کتێبـی دیـاریکراوو بـەوەش بابـەتیان دیـاری دەکـرا، لـەوەش زیـاتر؛ رەنگدانـەوەی لـۆژیکی بـوونو لەپلـەوە بـۆ بـەش بـۆ لـق ریزبەندیی کراون، بۆ نموونـە، ملفیـل دیـوی لەپۆلێنەکەیـدا هێمـا پوختـەکانی لەبـەر ئاسانییانو باش بەکارهێنانیان خسووەتە گەڕ، ئەم نموونەیەش ئەوە دەسەلمێنێت:

٠٠٠ زانیاریی گشتی

١٠٠ فەلسەفەی دەروونزانی

٢٠٠ ئایینەکان

٣٠٠ زانستی کۆمەڵایەتی

٤٠٠ زمانەکان

٥٠٠ زانستە تیۆرییەکان

٦٠٠ زانستە پراکتیکییەکان

٧٠٠ هونەرەکان

٨٠٠ ئەدەبیات

٩٠٠ جوگرافیاو ژینناممەو مێژوو

یاخود ٣٠٠ (زانستە کۆمەڵایەتییەکان):

٣١٠ ئامار

٣٢٠ سیاسەت

٣٣٠ ئابووری

٣٤٠ یاسا

٣٥٠ کارگێڕیی گشتی

٣٦٠ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی

٣٧٠ پەروەدەو فێرکردن

٣٨٠ بازرگانیو گواستنەوە

٣٩٠ داب‌و نەریت‌و فۆلکلۆر

دوای ئەوەش، هەربەشە بەسەر دەلقدا دابەشبوون، هەر لقەش هێمای لەهێمای بەشەکانەوە لێبووەتەوە، ئەوەتا (٣١٠) دابەشبووە بەسەر:

٣١١، ٣١٢، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥، ٣١٦، ٣١٧، ٣١٨، ٣١٩.

هەر لقەش دابەشبووەتەوە بەسەر دە پەلی دیکەدا، هەریەکەش هێمای خۆی هەبوو، بۆ نموونە:

٣١١,١، ٣١١,٢، ٣١١,٣، ٣١١,٤، ٣١١,٥، ٣١١,٦، ٣١١,٧، ٣١١,٨، ٣١١,٩.

گونجاوی

زانیاریی مرۆیی بابەتی وای هێناوەتە ئارا کەلەوەو بەر مرۆڤ پەی پێ نەبردوون، وەك ئەتۆمو داگیرکردنی گەردوونو مانگە دەستکردەکانو پەیوەندییەکان لەدوورەوە، هەروەها کۆمپیوتەرو لێزەر، لەگەڵ شتی زۆری دیکە لە چەرخێکدا کەبە چەرخی زانیارییەکان ناونراوە، یان چەرخی تەقینەوەی مەعریفی.

کە پۆلێن بریتی بێت لە ئەندازەی زانیاریی مرۆیی، پێویستە گونجاوییەکە بەجۆرێ بێت بابەتی نوێ بگرێتە خۆ لە شوێنی سروشتی خۆیدا؛ لەچوارچێوەی لۆژیکی گشتیی پلانەکەدا، لەگەڵ فەرامۆشکردنی ئەو بابەتانەی بەکارنایەن، بەبێ تێکدانی رێکخستنی گشتیی پۆلێن کردن.

پێویستە بابەتی نوێ لە پلانی پۆلێندا بەتەنیا هەر خاوەنی شوێنی لۆژیکی خۆی نەبێت، بەڵکو هێمای لۆژیکیشی هەبێت، لەگەڵ ئەو پێویستییەشدا؛ بابەتێ گەر

لەپلانی پۆلێن دووربخرێتەوە، ئەوا نابێ هەرگیز ژمارەکەی بەکاربهێنرێتو بدرێتە بابەتێکی تر.

سێیەم: پلانی لەوەوبەر ئامادەکراو

ئەگەر هەر کتێبخانەیەك، بەتەنیا رەنجی زۆر بدات بۆ ئامادەکردنی پلانی پۆلێنی تایبەت بەخۆی، ئەوا هەزاران پۆلێن لەیەك وڵاتدا دێنە ئارا، بگرە دەیان پۆلێن لەیەك جۆری کتێبخانەدا لەو وڵاتەدا دەبینرێنەوە، بەوەش بەفیڕۆدانی کاتو رەنجو پارە دەخولقێنێ، لەگەڵ نەبوونی گونجان لەنێوان کارمەندی کتێبخانەکانداو سەرلێشێوانی سوودمەندان؛ بەوەی جیاوازیی زۆر دەبینن لەنێوان کتێبخانەیەك بۆ یەکێکی تردا، لەیەك جۆری کتێبخانە، یاخود لەجۆرە جیاوازەکانیاندا.

لەبەر ئەوە پیشەی کتێبخانەو زانیارییەکان پێویستی بە (کەرەستەی پێوانەیی) سەرەکیی هەبووە لەکارەکانیدا، لەوانەش پلانی پۆلێن؛ هەربۆیە دەبینرێت هەر کتێبخانەیە پلانی پێشوەختی هەیە کە لەوەوبەر ئامادەی کردووە، کەواتە دەیان هەزار کتێبخانە لەوڵاتاندا دەبینرێنەوە کەخاوەن یەك پلانن، لەوانەش پلانی باو لەنێو یەك وڵاتدا، یان لەسەر ئاستی جیهان.

کتێبخانە؛ پلانی پۆلێنەکەی هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئەو پلانە سێ سیمای سەرەکیی هەبێت؛ ئەوانیش: پێشەکیو رێبەری کار (خشتەکان)و ئیندێکس، لەپێشەکیدا دانەری پلانەکە فەلسەفەی پۆلێن روونەدەکاتەوە، هەروەها چۆنێتی دابەشکردنی زانیارییەکانو لۆژیکی ئەودیو دابەشکردنەکەو (رێبەری کار)یش چۆنێتی بەکارهێنانی پلانەکەو پراکتیزەکردنی ئاسان دەکات، بەڵام (خشتەکان) دابەشکردنی قووچەکیی زانیاریی مرۆیی دەگرێتە خۆی، لەبەردەم هەر بەش بەشکردنەشدا هێمای تایبەت دادەنرێت.

(ئیندێکس)یش هـەموو بەشـەکان ڕێکـدەخات، ئەوانـەی لـە خـشتەکاندا دێـن؛ بـە ڕیزبەندییـەکی هیجـایی ڕەهـا لەگـەڵ دانـانی هێمـا بەرامبـەر هەریەکـەیان، ئیـدی دەتوانرێت گەڕانەوە لە ئیندێکسەوە بۆ بەشەکانی نێو خشتەکان بەهۆی هێماکانەوە ئەنجام بدرێت.

پاری چوارەم

سیما بنچینەییەکان

لە پلانی پۆلێنی دیوی دەییدا

یەکەم: سیما دیارەکان لە پلانی پۆلێنی دیوی دەییدا

دووەم: دیاریکردنی ژمارەی تایبەت

یەکەم: سیما دیارەکان لە پلانی پۆلێنی دیوی دەییدا

١- خشتەکان:

پوختەی یەکەم، پوختەی دووەم، پوختەی سێیەم، پاشان تەواوی خشتەکان بەتەواویی- رێبەری رێژەیی بەناوبانگ.

(پێشەکی) لەم پۆلێنەدا بەپێی چاپەکانو لەدەیان ساڵدا گەشەی باشی بەخۆوە دیوە، لە تەنیا ١٢ لاپەڕەی چاپی یەکەمەوە بۆ زیاتر لە ٥٠٠ لاپەڕەی چاپی بیستەم، هەرچۆن خشتەکان لە ١٢ لاپەڕەی چاپی یەکەمەوە گەشەی کردوە بۆ زیاتر لە ٢٠٠٠لاپەڕە لە چاپی بیستەمدا، بەهەمان شێوە؛ رێبەریش لە ١٨ لاپەڕەوە گەیشتووەتە ٢٠٠٠ لاپەڕە.

ئەم پۆلێنە، لە رووی دابەشکردنی زانیاریی مرۆییەوە ئاسانەو بە باشی دابەشکراوە بەسەر لقەکاندا، هەروەها دابەشکردنەکە لۆژیکی زانستیی پێوە دیارە، (دیوی) زانیاریی مرۆیی بەسەر ١٠ پلەی سەرەکیدا دابەشکردووە، هەر یەکێك لەوانیش بەسەر ١٠ بەشو هەر بەشەش بەسەر ١٠ لقدا، ئەوەش بووەتە هۆی هۆکاری بەکارهێنانو بیرکەوتنەوەیان بە ئاسانی، لەم دابەشکردنە دەییەوە پۆلێن بە (دەیی) ناودێر کراوە.

ئەم نموونەیە، پرۆسەی دابەشکردنەکە وێنا دەکات:

دابەشکردنی دیوی بۆ زانیاریی دەیی

٠٠٠ زانیاریی گشتی

١٠٠ فەلسەفەو دەروونزانی

٢٠٠ ئایینەکان

٣٠٠ زانستە کۆمەڵایەتییەکان

٤٠٠ زمانەکان

٥٠٠ زانستە تیۆرییەکان

٦٠٠ زانستە پراکتیکییەکان

٧٠٠ هونەرەکان

٨٠٠ ئەدەبیات

٩٠٠ جوگرافیاو ژینناممەو مێژوو

٣٠٠ زانستە کۆمەڵایەتییەکان

٣١٠ ئامار

٣٢٠ سیاسەت

٣٣٠ ئابووری

٣٤٠ یاسا

٣٥٠ کارگێڕیی گشتی

٣٦٠ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی

٣٧٠ پەروەردەو فێرکردن

٣٨٠ بازرگانیو گواستنەوە

٣٩٠ داب‌و نەریت‌و کەلەپور

٣٧٣ فێرکردنی ئامادەیی

٣٧٣,١ فێرکردنی ئامادەیی بەگشتی

٣٧٣,٢ جۆرو ئاستەکانی فێرکردنی ئامادەیی

٣٧٣,٣ فێرکردنی ئامادەیی لە جیهانی دێریندا

٣٧٣,٤ فێرکردنی ئامادەیی لە ئەوروپا

٣٧٣,٥ فێرکردنی ئامادەیی لە ئاسیا

٣٧٣,٦ فێرکردنی ئامادەیی لە ئەفریقا

٣٧٣,٧ فێرکردنی ئامادەیی لە ئەمریکای باکوور

٣٧٣,٨ فێركردنی ئامادەیی لە ئەمریكای باشوور

٣٧٣,٩ فێركردنی ئامادەیی لە ئۆكیانووس

بەوشێوەیە دابەشكردنی دەیی بەردەوام دەبێت تا بچووكترین بەشی بابەتەكانی زانیاریی مرۆیی. دیوی؛ هێمای پوختی لەپۆلێنەكەیدا بەكارهێناوە بۆ بەهێماكردنی بابەتەكان ، بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەی هەڵبژاردووە، چونكە ژمارەكان توانای بەتاڵكردنی بێكۆتایی دەڕەخسێنن، بۆ زانیارییە مرۆییە گەشەكردووەكانیش لە سەردەمی زانیاریدا بەكەڵك دێن. لەچاپی یەكەمی ئەم پۆلێنەدا هەزار بابەت بەدی دەكرێت، بەڵام لە چاپی بیستەمدا بابەتەكان گەیشتوونەتە ٣٥ هەزار، كەواتە زانیاریی مرۆیی لە ماوەی سەدو دە ساڵیدا بە رێژەی ٣٥ جار زیادیان كردووە.

پۆلێنی بنچینەیی لەدیویدا بابەتەكانی زانیاریی مرۆیی پوخت دابەش دەكەن، بێ جۆرەكانی چارەسەری بابەت؛ كە هەر لە خودی كتێبێكدا هەن، بابەت لە گۆشەنیگای دیاریكراو، یان لە چوارچێوەی ناوچەیەكی دیاریكراو، یان لە خودی قاڵبێكدا، یان لە زمانێكدا چارەسەر دەكرێن.

ئەگەر پۆلێن بەتەنیا بریتی بێت لە ژمارەی بابەت، ئەوا كەموكورت دەبێ بۆ رەنگدانەوەی راستیی چارەسەری بابەت لە كتێبدا، هەرچۆن ناكرێت ژمارەی تریش زیاد بكرێت وەك رێنیشاندەر بۆ گۆشەو ناوچەو مێژوو و زمانەكانو...تاد؛ بۆ تەنیشت ژمارەی بابەتەكان، چونكە ئەوە دەبێتە هەڵاوسانی پلانەكە بێ هیچ بیانوویەكی راستەقینە، لەم پۆلێنەدا، خشتەی تایبەت بەمەبەستی چارەسەركردنەكان وەك پاشكۆ خراونەتە سەر پۆلێنی بابەتەكانو لێیانەوە ژمارەی رێنیشاندەر بۆ خودی چارەسەركردن وەردەگیرێنو دەخرێنە سەر ژمارەی پۆلێنی بابەت. ژمارەی ئەو خشتانە گەیشتوونەتە حەوت خشتەو بەم شێوەیە، (لەبڕگەی دووەمدا) كورتیان دەكەینەوە.

٢- خشتەی ژمارەکانی شێوەو وێنە:

کاتێـك کتێـب چارەسـەری بابـەتێك لـە قـاڵبێکی دیـاریکراودا دەکـات، وەك باسـی فەلسەفەو تیۆرەکانی بابەتەکـە؛ یـان زاراوەکـانی، یـان وەك لیـستێکی بیبلیـۆگرافی سەبارەت بەو نووسینانەی لەسەر بابەتێك نووسـراون، یـاخود ئینـسایکلۆپیدیا، یـان خولاوەیەکی تایبەتمەند لەبابەتێکدا، ئەمانە چارەسەرن، بەڵام ئەو جۆرە چارەسەرە خودی بابەتەکە ناچەسپێنێت، بەڵکو لە قـاڵبێکی دیـاریکراودا دایـدەنێت؛ پاشـانیش دەبـێ ژمارەیـەکی شـێوەیی (پێوانـەیی) زیـاد بکرێـت کـە رێنیـشان بێـت بـۆ ئـەو چارەسـەرە؛ لـەپاڵ ژمـارەی بابەتەکـەدا ، ئـەم خـشتەیە شـێوەو وێنـەی جیـاوازی چارەسەرەکان نیشان دەدات، لەگەڵ هێماکانیان:

٠٠٠,١ فەلسەفەو تیۆرەکان

٠٠٠,٢ کورتکراوەو هێڵکارییەکان

٠٠٠,٣ فەرهەنگی تایبەتمەندو ئینساکلوپیدیا

٠٠٠,٤ وتارو موحازەرەکان

٠٠٠,٥ خولاوەکان

٠٠٠,٦ کۆمەڵەو رێکخراوەکان

٠٠٠,٧ خوێندنو فێرکردن

٠٠٠,٨ چارەسەری هاوبەشی بابەت (کۆمەڵەکان)

٠٠٠,٩ چارەسەری مێژوویی بۆ بابەت

بـۆ نموونـە، فەلـسەفەی فێرکـردنو تیۆرییـەکانی (٣٧٠,١)و ئینـساکلوپیدیای تایبەتمەند بە فێرکـردن (٣٧٠,٣)، مێـژووی فێرکردنـی ئامـادەیی (٣٧٣,٠٩)، دیـارە دەتوانرێت ژمارەکانی شێوەو وێنە دابەشبکرێن بەسەر لقـی دیکـەدا بـۆ چارەسـەری وردی زیاتر، وەکو ٠٢٠,٧١ .- بۆ خوێنـدنگاکانی زانـستی کتێبخانـەو زانیارییـەکانو ٠٢٠,٧٣ .- بۆ نیشانەی خوێندکارانی زانستی کتێبخانـەو زانیارییـەکانو ٠٢٠,٧٤ .- بۆ مۆزەخانەو پێشانگاکانی کتێبخانەو زانیارییەکان.

٣- خشتەی ژمارەکانی ناوچە جوگرافییەکان:

ئەم خشتەیە، درێژەی ژمارەکانی دابەشبوونی جوگرافیی لەجیهاندا تێدایە، تەنانەت گەر کتێبی پۆلێنکراو چارەسەری بابەتی کردبوو لەچوارچێوەی ناوچەیەکی دیاریکراودا، دەکرێ ژمارەی ناوچەکە لەم خشتەیەدا وەربگیرێت و بخرێتە سەر ژمارەی بابەتەکە بۆ رێنیشانی چارەسەری جوگرافیی. ئەم خشتەیە بەتەنیا ژمارەی کیشوەرو وڵات و هەرێمەکان نادات بەدەستەوە، بەڵکو ژمارەی تەرخانکردوە بۆ ناوچە جیاوازەکان لەنێو یەك وڵاتدا؛ هەربۆیە ئەم خشتەیە باشترین خشتەی یاریدەدەرە بە درێژیی و روونیی (لەرووی قەوارەوە)، ژمارە جوگرافییە سەرەکییەکان بەم شێوەیەن:

٠٠٠,١ چارەسەری جوگرافیای گشتی

٠٠٠,٢ تاکەکان بە گشتی

٠٠٠,٣ جیهانی دێرین

٠٠٠,٤ ئەوروپا

٠٠٠,٥ ئاسیا

٠٠٠,٦ ئەفریقا

٠٠٠,٧ ئەمریکای باکوور

٠٠٠,٨ ئەمریکای باشوور

٠٠٠,٩ ئۆکیانووس

ئەو ژمارانەش بە رێژەیەکی زۆرو تا بچووکترین ناوچە لە جیهاندا لقیان لێدەبێتەوە. لێرەدا ئەوە دێنینەوە یاد کە هەر هەموو سیما جوگرافیاییەکانی جیهان، نەك بەتەنیا کیشوەرو وڵاتان و شاران، هەر هەموویان ژمارەیان پێدراوە، ئەوانیش وەکو ئۆقیانووسەکان و چیاو دەریاو روبارو گروپ و تاقمی سیاسی و کۆمەڵایەتین، ناوچە شارنشینەکان ژمارەیان (٠,٠١٧٢٣) و ناوچە گوندنشینەکان

(٠,٠١٧٣٤)ن، بەوپێیــە ژمــارەی فێرکــردن لــە ناوچــە شارنــشینەکاندا دەکاتــە (٠,١٧٢٣)، ئەم نموونەیەش پلەبەندیی جوگرافیی بابەتەکە دەخاتە روو:

٣٧٢ فێرکردنی سەرەتایی

٣٧٢,٦ فێرکردنی سەرەتایی لە ئەفریقا

٣٧٢,٦٢ فێرکردنی سەرەتایی لە میسر

٣٧٢,٦٢١ فێرکردنی سەرەتایی

لە دەلتای میسر (بەری دەریا)

٣٧٢,٦٢١٦١ فێرکردنی سەرەتایی

لە پارێزگای ئەسکەندەرییە

٤- خشتەی ژمارەکانی ئەدەبیات:

مەبەست لەم خشتەیە دوو شتە:

یەکەم: بەکارهێنانی ئەم ژمارانە لەگەڵ ئەدەبیاتی گشت میللەتان؛ بەکۆنو تازەیانەوە؛ پەیوەستە بە خشتەی بنچینەیی بۆ گرنگترین ئەدەبیات بەتەنیا، ئیتر نەتوانراوە هەر هەموو ئەدەبیاتی گەلان کۆبکرێتەوە، چونکە ئەوە کارێکی زەحمەتو بێ سوودە.

دووەم: ئەو ژمارانە دەخرێنە سەر ژمارەی بابەت لەکاتی چارەسەری بابەتدا لە قالبێکی ئەدەبیی دیاریکراودا. وەکو: شانۆنامەیەك سەبارەت بە داگیرکردنی بۆشایی ئاسمان، شیعرێك لەمەڕ فڕۆکە، چیرۆکێك دەربارەی بۆمبی ئەتۆمی، قەسیدەیەك تایبەت بە کیمیاو بەو شێوەیە.. ژمارە سەرەکییەکان بۆ فۆرمە ئەدەبییەکانە بەم جۆرەن:

٠٠٠,١ شیعر

٠٠٠,٢ شانۆنامە

٠٠٠,٣ چیرۆك

٠٠٠,٤ وتار

٠٠٠,٥ گوتاربێژیی

٠٠٠,٦ نامه

٠٠٠,٧ قسەی نەستەق

٠٠٠,٨ فۆرمەکانی تری وەکو

(پەندو ئیدیۆم، یاداشت، رۆژانەی ئەدەبیی‌و)..تاد.

ئەو ژمارانەش بەسەر لقی تـردا دابەشـدەبنەوە، وەکـو شـیعری غـەزەل‌و حەماسـی‌و سروشت‌و لیریك‌و داستانی‌و .. لە نموونەی ئەو لقانە:

٨١١,١١ شیعری غەزەل

٨١١,١٢ شیعری سروشت

٨١١,١٣ شیعری لیریك(الشعر الغنائي)

٨١١,١٤ شیعری داستانی

کاتێك ژمارەی شێوەی ئـەدەبیی (فـۆرم) وەك نیـشانە بـۆ چارەسـەری ئـەدەبیی دەخرێتە سەر ژمارەی بابەت، ئەوا (بۆ نموونە) وەك لەم بەشەی دواتردا دەبێت

٥–خشتەی ژمارەی زمانەکان (پێناسەی زمانەوانی):

دانیشتووانی سەر رووی زەمین لە ئێستادا بە نزیکەی چوار هەزار زمان دەدوێـن‌و هیچ سیستمێك ناتوانێ ئەو هەموو ژمارەیەو لقەکانی لەخۆبگرێت، چـونکە سیـستمی پـۆلێن ژمارەیـەکی دیـاریکراو لـە زمانـەکانی بـەپێی سیـستمی (دیـوی دەیـی) لەخۆگرتووە کە لە حەوت تێناپەڕن‌و لەژێریاندا لقـی زمانـەوانی دانـراون، ئـەوەی لـە خشتەی بنچینەییدا ناوی نەبراوە لە سەرجەم زمانەکاندا پێوانە دەکرێت، ئەم خشتە یاریدەدەرە بۆ وەرگرتنی ژمارە لقییەکان دانراوە کە بەم شێوەیەن:

٠٠٠,١ ئەلف بێی دەنگیی/ الأبجدية الصوتية

٠٠٠,٢ وەرگیراوەکان/ الأشتقاق

٠٠٠,٣ فەرهەنگەکان/ المعاجم

٠٠٠,٤ (بەکارنەهێنراوە)

٠٠٠,٥ ڕێزمان/ النحو

٠٠٠,٦ کێش/ العروض

٠٠٠,٧ دیالیکتەکان/ اللهجات

٠٠٠,٨ بەکارهێنانەکانی زمان/ استخدامات اللغة

بە گشتیی ئەم لقە زمانەوانییانە لە کرۆکی سێ ژمارەییدان، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی (٤٢٠)ەو بەوشێوەیەش ژمارەی (نووسین)و (دەنگەکان) بەئینگلیزی دەبێتە (٤٢١)و وەرگیراوەکان (٤٢٢)و فەرهەنگی ئینگلیزیی (٤٢٣)و بەو شێوەیە.

بەڵام دەکرێ لقی زیاتر لەو شێوانەی زمان بکرێتەوە، وەکو (دەنگەکان/ ئاخافتن) لەزمانی ئینگلیزیدا هێمای (٤٢١,٥)ی بۆ دانرێت، هەروەها نووسینی ئینگلیزیی کۆن (٤٢١,٧)و فەرهەنگی ماناکان لەزمانی عەرەبیدا (٤١٣,١)و فەرهەنگی یەکیی زمانی عەرەبیی (أحادیة اللغة العربیة) (٤١٣,٢)و فەرهەنگی جووت زمانی(ثنائیة اللغة)کەدەروازەی سەرەکیی زمانی عەرەبی بێت و(٤١٣,٣) فەرهەنگی زیاد لە زمانێك (المعاجم متعددة اللغات) کە دەروازەی سەرەکیی زمانی عەرەبی بێت (٤١٣,٤) دەبێتو بەو شێوەیە.

٦ ـ خشتەی ژمارەکانی رەگەزو ریشە:

ئەم خشتەیە ژمارەبەندیی بۆ رەگەزی مرۆییو ریشەی کۆمەڵەکان دەکات بەدرێژیی، ئەمانە دەچنە سەر ژمارەی بابەتەکان بۆ نیشاندانی چارەسەری بابەتی لە چوارچێوەی ئەو رەگەزو ریشانەدا، بەکارهێنانی ئەو ژمارانە بەندن بە رێنماییەکانی بابەتە دیاریکراوەکان لە خشتەی بنچینەییدا، بەم شێوەیە:

٠٠٠,١ ئەمریکییە باکوورییەکان

٠٠٠,٢ ئەنگلۆساکسۆنی، بەریتانییە ئینگلیزەکان

٠٠٠,٣ ئەڵمانە باکووریيەکان

(نوردییەکان: ئەڵمانەکان، سویسراییەکان، نەمساوییەکان، هۆڵەندییەکان، بەلجیکییەکان، ئیسکەندەنافیاییەکان)

٠٠٠,٤ لاتینییە نوێیەکان

٠٠٠,٥ ئیتالییەکان، رۆمانو کۆمەڵەکانی سەر بەوان

٠٠٠,٦ ئیسپانییەکانو بورتوگالییەکان

٠٠٠,٧ لاتینییە کۆنەکان

٠٠٠,٨ یۆنانییەکانو ئەو کۆمەڵانەی لێیانبوونەتەوە

٠٠٠,٩ رەگەزو ریشەکانی تر

لەبەر ئەوەی پۆلێنی دیویی ئەسڵیی عەرەبیان لەنێو رەگەزەکانی تردا داناوەو ئەوانو (ماڵتاییەکان) یان لەژمارە (٩٢٧)دا یەکخستووە، دەکرێ بخرێتە خشتەی ژمارە(١)ی پۆلێنەوە لەکتێبخانەی عەرەبیدا، لەوێدا پەیڕەوی بۆچوونی (گروپی پەسەند) دەکرێتو ئینجا (عەرەب) بەپێی دەوڵەتە عەرەبییە جیاوازەکان دابەشدەکرێن، بۆ نموونە لەم ژمارەیەدا (سودانییەکان) لقبەندیی ژمارە (٩٢٧٦٢٤)و میسرییەکان ژمارە (٩٢٧٦٢) یان بۆ دەکرێت.

نموونەی زیادکردنی ژمارەی رەگەز لەگەڵ بابەتدا:

٥٧٢	رەگەزەکان.
٥٧٢,٨	رەگەزی مرۆیی دیاریکراو.
٥٧٢,٨٩٢	گەلانی سامی.
٧٨١,٧٢	موزیکی میللی.
٧٨١,٧٢٦	موزیکی میللی ئیسپانی.
٣٧١,٩	فێرکردنی گروپی تایبەت.

٣٧١,٩٧ فێرکردنی گروپی تایبەت لە ئەمریکای باکوور.

٣٧١,٩٧٦ فێرکردنی گروپی تایبەتی ئەفریقی لە ئەمریکای باکوور.

٣٧١,٩٧٦٠٧٣ فێرکردنی گروپی تایبەتی ئەفریقی لە وڵاتە یەکگرتووەکان.

٧- خشتەی ژمارەکانی گوزارشتی زمانەکان:

ئەم ژمارانە بۆ نیشانەی ئەو زمانانە دادەنرێت کە کتێبەکەیان پێنووسراوە، ئەم ژمارانە دەخرێنە سەر ژمارەی بابەت، ئەویش بەپێی رێنماییەکانی خشتەی بنچینەیی، ژمارەکانیش بەم جۆرە دەبن:

٠٠٠,١ زمانە هیندۆ ئەورووپییەکان.

٠٠٠,٢ زمانە ئینگلیزیو ئەنگلۆساکسۆنییەکان.

٠٠٠,٣ زمانە ئەڵمانییەکان.

٠٠٠,٤ زمانە رۆمانتیکییەکان (کە لەلاتینییەوە وەرگیراون)

٠٠٠,٥ زمانە ئیتاڵیو رۆمانیو راتیورومانتیکییەکان.

٠٠٠,٦ زمانە ئیسپانیو پۆرتگالییەکان.

٠٠٠,٧ زمانە لاتینییەکان.

٠٠٠,٨ زمانە هیلینییەکان.

٠٠٠,٩ زمانەکانی تر.

چونکە زمانی عەرەبیو زمانە سامییەکانی تر لەم خشتەیەدا دەچنە ژمارەی (٠٠٠,٩)وە؛ دەکرێت رێسای زمانی پەسەند پەیڕەو بکرێت، بەشێوەیەك زمانە سامییەکان ژمارەی (٠٠٠,١)یان پێبدرێت، ئەگەر پێڕستکار ئەوەی بەپێویست زانی.

نموونەی بەکارهێنانی ژمارەکانی گوزارشتی زمانەوانی، (لەم بەشەی دواتردا دەیانبینی).

٨–خشتەی ژمارەی کەسایەتییەکان:

ئـەم خـشتەیە ئـەو کەسـایەتیو تاکانـەی لەسـەریان دەنووسـرێت یـان بۆیـان دەنووسرێ، بەپێی رەگەزو تەمەنو گروپی کۆمەڵایـەتیو مەزهـەبی، یـان خەسـڵەتی جەستەییو ئاوەزیی، یان پیشەیان دابەش دەکرێن.

ژمارەبەندیی ئەم خشتەیە بەم جۆرە دەبێت:

٠٠٠,١ تاکەکان.

٠٠٠,٢ گروپەکان.

٠٠٠,٣ بنەچە.

٠٠٠,٤ رەگەزو خزمایەتی.

٠٠٠,٥ تەمەن.

٠٠٠,٦ گروپی کۆمەڵایەتیو ئابووریی.

٠٠٠,٧ (بەکارنەهاتووە).

٠٠٠,٨ خەسڵەتی جەستەییو ئاوەزیی.

٠٠٠,٩ پیشەو کار.

لەهەریەکێك لەم لقانـەدا کـە دەخرێنـە سـەر ژمـارەی بابـەت، بـۆ نیـشانەی هـەر گروپێك دەتوانرێت بەسەر لقی تردا دابـەش بکـرێن، هـەر وەکـو لـە ژمـارە (٠٠٠,٩)دا بەپێی بواری پسپۆریی جیاوازو بەم شێوەیە دابەش دەکرێن:

٨٠٨,٨٩٩٢٦١ کۆمەڵە ئەدەبییەکان بە قەڵەمی پزیشکان.

٨٠٨,٨٩٢٣٤٤ کۆمەڵە ئەدەبییەکان بە قەڵەمی پارێزەران.

٨٣٨,٠٨٨٠٨١٦١ کۆمەڵە سیرامیکەکان لە بەرهەمی نابینایان.

نموونەی زیادکردنی ژمارەی کەسایەتیش:

ئەم خشتە یاریدەرانە کـە لەگـەڵ پێگەیـشتنی پـۆلێنی دیـوی دەییـدا بەدرێـژایی سەدەیەك پێگەیـشتوون، ئامـاژەن بـۆ کاریگـەریی سیـستمەکەو یـەکانگیریی لەگـەڵ

سیستمی دەیی جیهانی (کەپێشتر باسمان لێوەکردووە)، هەرچەندە رەخنە ئاڕاستەی ئەم سیستمی پۆلێنە کراوە، بەڵام تاکە سیستمی نموونەییە بۆ کتێبخانەی خوێندنگاکانو گشتییەکانو بەپلەی یەکەم دێت، شتێکی نامۆش نییە کە ژمارەیەك لە کتێبخانەی زانکۆکانو کتێبخانە نیشتمانییەکان دیسانەوە پەیڕەوی ئەم سیستمە دەکەن، ئەم سیستمە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبووەتەوە، لەگەڵ جیاوازیی رژێمە سیاسیو کۆمەڵایەتیو فیکریو بیروباوەڕە لەیەکتر جوداکاندا.

کتێبخانەکان لەو دەوڵەتانەی بە کۆمۆنیست ناسراون بەکاریانهێناوە، هەروەها لە وڵاتانی باکوورو باشوورو لە رۆژهەڵاتو خۆرئاوا، پێشوازیکردنی سەرجەم کتێبخانەکان لەم سیستمی پۆلێنە بەو هۆکارە باسکراوانەو بەهۆی دیکەوە بووە، لەوانە:

١- ئاسانیی بونیادی بناغەیی سیستمەکە کە لەسەر (دەیی) داڕێژراوەو بەو هۆیەوە بیرکەوتنەوەو بەکارهێنانی زەحمەت نییە، لەسەر دە پلە بونیادنراوە کە زوو لێی تێدەگەینو دواتر بەسەر دە لقو دە بەشی ترداو بەو شێوەیە دابەشکراون.

٢- بەکارهێنانی هێمای پوخت بۆ ژمارە عەرەبییەکان، وایکردوە لق لێبوونەوەی ئاسانو لۆژیکی بێت لە گشتی ترین بۆ گشتیو بۆ تایبەتو تایبەتترین، بەشێوەیەکی وردو پێکەوە گرێدراو، بەپێچەوانەی سیستمەکانی تر کە لەسەر هێمای تێکەڵ، یان پوخت بە پیتەکان، تەنانەت پوخت بە پیتە لاتینییەکان داڕێژرابوون.

٣- لەباریی لەسیستمەکەدا؛ کە خۆی لە هێشتنەوەی چەند ژمارەیەکی بەکارنەهێنراودا دەنوێنێت، ئەویش بۆ گرتنەخۆی بابەتی نوێ کە لە داهاتوودا زانیاریی مرۆیی بهێننە ئارا، هەرچۆن لایەنێکی تری ئەو نەرمیو لەباریيە لە ئاسانیی ژمارە پێدانی بێکۆتاییدایە، بۆ ئەو بابەتانەی لەوانی تر دەکەونەوە، هەرچۆن بابەتەکان لەگەڵ ئەوانەی تردا کە گەورەترن، یان دەچنەوە سەریان؛ لەیەکدەدەن.

٤- ژمارەیەکی زۆر لە خشتە یاریدەدەرەکان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چاپی پانزەیەمی (پۆلێنی ملڤیل دیوی)دا دەرکەوتوون، کە لەوەوبەر بێجگە لە خشتەی ژمارەکانی (شێوەو وێنە) هیچی تر نەبوون، ئەوانیش زۆربەی جار لەگەڵ خشتە بنچینەییەکاندا دەکەوتنە بەرچاو، ئێستا ئەو حەوت خشتەیە وایانکردوە سیستمەکە لێکدراو بێت، لەپاڵ ئەوەدا کە سیستمێکی تایبەتە بەخۆی.

٥- هۆکاری یاریدەدەرە بۆ وەبیرهاتنەوە، سیستمی دیوی دەیی خەسڵەتی زۆری هەیە کەیاریدەی مرۆڤ دەدەن بۆ بیرکەوتنەوەی ژمارەی بابەتەکان، لەوانەش گرتنەبەری رێگای لق لێبوونەوە بە هەمان ژمارەی لقەکان لەبواری پەیوەندیداری وەکو (زمانەکانو ئەدەبیات)دا کە لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

٤٢٠ زمانی ئینگلیزی	٨٢٠ ئەدەبی ئینگلیزی
٤٣٠ زمانی ئەڵمانی	٨٣٠ ئەدەبی ئەڵمانی
٤٤٠ زمانی فەڕەنسی	٨٤٠ ئەدەبی فەڕەنسی
٤٥٠ زمانی ئیتاڵی	٨٥٠ ئەدەبی ئیتاڵی
٤٦٠ زمانی ئیسپانی	٨٦٠ ئەدەبی ئیسپانی
٤٧٠ زمانی لاتینی	٨٧٠ ئەدەبی لاتینی

٦- کاتێك زمانو ئەدەبیات دابەشدەبن؛ لقەکان بەهەمان ئاڕاستە دەبن، هەندێ بواری دیکەی پۆلێنیش هەربەو شێوەیەن.

٧- ئەم پۆلێنە پشتی بەستووە بە دووچاپ، یەکیان کورتەو ئەوی تریان فراوانو درێژ، ئەمەش هەل بۆ کتێبخانە بچووكو مامناوەندەکان دەڕەخسێنێ کار لەسەر کورتەکە بکەن، بەڵام کتێبخانە گەورەکان چاپە فراوانەکە بەکاردێنن؛ چونکە لەگەڵ زۆریی چاپکراوەکانیاندا دەگونجێ.

٨- ئەم پۆلێنە گروپی تایبەت دانراوە بۆی؛ بەمەبەستی چاودێریی‌و گەشەپێدان‌و نوێکردنەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام، جێی سەرنجە دەزگای (فورێست

پرێس) بۆ بڵاوکردنەوە کە سەر بە دامەزراوی (لیك بلاسید)ی رۆشنبیرییەو خودی ملڤیل دیوی ساڵی ١٨٧٦ دایمەزراندووە، تا ئێستا ئەو دەزگایە هەر ماوەو دەستبەکارەو چاودێریی سیستمەکە دەکات، بەڵام سیستمی پۆلێنی دیکەی ئەمریکی هەبوون کە ئێستا نەماونو هەڵوەشاون، چونکە کەسێ نەبووە چاودێرییان بکاتو گەشەیان پێبدات.

٩- کتێبخانەی کۆنگرێس کە گەورەترین کتێبخانەی جیهانە، ئەرکی چاپی ژمارەکانی پۆلێنی دیوی دەیی لەئەستۆ گرتووە، ئەمە لەگەڵ چاپی ژمارەکانی پۆلێنی کتێبخانەی کۆنگرێس لەسەر کارتو فرۆشتنیان بە کتێبخانەکانی ئەمریکاو هەموو جیهان، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە سیستمی دیویی بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێتو لەلایەکی تریشەوە ئەو کتێبخانانەی پێڕستی ئامادە لەو کتێبخانەیە دەکرن؛ دووبارە بەکاریدێننو لەناو خۆشیاندا بڵاویدەکەنەوە، هەرچۆن بڵاوکەرەوەی بازرگانیی وەك (ویلسۆن)یش هەن کە ژمارەکانی پۆلێنی دیوی لە چاپدەدەنو دەیفرۆشنەوە بە کتێبخانەکان.

١٠- خوێندنی ئەم سیستمە لەسەر فراوانترین ئاستی کۆلیژو خوێندنگاو بەشەکانی کتێبخانەو زانیارییەکان لە هەموو جیهاندا، تەنانەت وایلێهاتووە بووەتە تاکە سیستم لە دامەزراوەکانی فێرکردنداو بەهۆی ئەوەشەوە دەرچووان نەوەیەکن کە دەبنە پۆلێنکاری بەتوانا لەم سیستمەدا، بەوەش داکۆکیی لەبەکارهێنانی دەکەنو لایەنە باشەکانی دەخەنە روو، ئەمە لە کاتێکدا سیستمەکانی تری پۆلێن لە پرۆگرامی خوێندنی کتێبخانەو زانیارییەکاندا بایەخی ئەوتۆیان پێنادرێت.

١١- وەرگێڕانو هەموارکردنی ئەم سیستمەو لەچاپدانی بەگەلێك زمان، کە (بەشێکی کەمیان فەرمیو شەرعین)، لەو زمانانەی بۆیان وەرگێڕراوە: فەرەنسیو ئیسپانیو ئەڵمانیو رووسیو هۆڵەندیو سلاڤیو یۆنانیو تورکیو عەرەبیو عیبریو

کۆریو ئەندەنووسیو مالیزییە، ئەمە وایکردوە رایەکی گشتی جیهانیی درووستبێت کە ئەم پۆلێنە باشترینو گونجاوترینی پۆلێنەکانە.

١٢- ئەم پۆلێنە لە پۆلێنەکانی تر (فەلسەفی یان بیبلیۆگرافی) شتە باشەکانیان وەردەگرێت، دیوی لە کاتی ئامادەکردنو گەشەپێدانیدا هەموو پۆلێنەکانی لەوەوبەری گرتووەتە خۆ، هاوکات خەسڵەتی پۆلێنەکانی داهاتووی بە هەند وەرگرتووەو هەر بۆ نموونە ئەم پۆلێنە بیرۆکەی خشتەی یاریدەدەری بۆ پۆلێنی دەیی جیهانیی داهێناوە.

١٣- لە هۆکارە گرنگەکان کە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی زۆری ئەم پۆلێنە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی، لەم دواییەدا بیرۆکەی ئایینی پەسەند، زمانی پەسەند، ئەدەبیاتی پەسەندی هێناوەتە گۆڕێ، ئەم سیستمە لە بناغەو گەوهەردا سیستمێکی ئەمریکییەو بەپلەی یەکەم بایەخی بەهەموو شتێك داوە کە ئەمریکی بێت، ئینجا ئەوروپیو پاشان ئاسیاییو.. بەوشێوەیە. بەو جۆرە کورتبین بووە بەرامبەر رۆشنبیرییەکانی تر، بەڵام لەچاپەکانی دواییدا سیستمەکە دەرفەتی داوەتە رۆشنبیرییەکانی ترو تیایدا خەسڵەتی داوەتە ئایینی باوو زمانو ئەدەبیاتی باوی ئەوان، نەك تەنیا ئایینی مەسیحیو زمانو ئەدەبیاتی ئینگلیزی، بەوەش فراوانبوونی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی بەرچاو بەخۆوە دیوە.

١٤- ئەم سیستمە، سیستمێکی سروشتیی بیبلیۆگرافییەو پشت بە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سەرچاوەکانی زانیاریی دەبەستێت، کە ئەویش (بابەت)ە، ئەمە لە کاتێکدا کتێبخانەو سەرچاوەکانی زانیاریی لە تاخچنی (رفوف) داخراوەوە بوونەتە تاخچنی کراوە، پۆلێنیش لە بناغەدا ئامرازێکی رێکخستنی لۆژیکییە بۆ کتێب لەسەر تاخچنەکان، لەگەڵ بەکارهێنانی لە پێڕستە پۆلێنکراوەکاندا، پۆلێنی دیوی دەیی لە تاخچنە کراوەکانداو لە هەموو کتێبخانەکاندا بەسەرکەوتوویی بە کارهاتووە، بە تایبەت لە کتێبخانەی خوێندنگاکانو کتێبخانە گشتییەکاندا.

دیارە سیستمەکە لەبارە بۆ بەکارهێنانی لە کتێبخانەی خوێندنگاکانداو باشترین سیستمە، هەرچۆن لەباریشە بۆ کتێبخانە گشتییەکانو هاوکات کتێبخانەی زانکۆکانو کتێبخانە نیشتمانییەکانیش بە زۆریی بەکاردێنن. هەروەها لە کتێبخانەی عەرەبیدا بە جۆرێکی یەکجار فراوان بەکاردێتو پۆلێنکاری عەرەب بە باشی بەکاریدێنن، گەلێك جار کراوەتە عەرەبیو هەموارکردنی تیادا ئەنجامدراوە، لەچلەکانی سەدەی رابردووەوە پەنای براوەتە بەرو تا ئەمڕۆ بیست وەرگێڕانو هەموارکردنی بڵاوکراونەتەوە.

٩–پۆلێنی کتێبی ئەدەبیات:

پۆلێنی کارە ئەدەبییەکان لە کتێبخانەی خوێندنگاو کتێبخانە گشتییەکاندا یەکەم بەپێی زمانی ئەدەبیاتەکە دەبێتو دووەمیش بەپێی فۆرمی ئەدەبیی کارەکە.

زمانی ئەدەب:

٨١٠ ئەدەبی عەرەبی

٨٢٠ ئەدەبی ئینگلیزی

٨٣٠ ئەدەبی ئەڵمانی

٨٤٠ ئەدەبی فەڕەنسی

٨٥٠ ئەدەبی ئیتاڵی

٨٦٠ ئەدەبی ئیسپانی

٨٧٠ ئەدەبی لاتینی

٨٨٠ ئەدەبی یۆنانی

٨٩٠ ئەدەبی نەتەوەکانی تر

فۆرمی ئەدەبی:

١ بۆ شیعر

٢ بۆ شانۆنامە

٣ بۆ چیرۆك

٤ بۆ وتار

٥ بۆ گوتاربێژی

٦ بۆ نامەی ئەدەبیی

٧ بۆ دەگمەنو گاڵتەوگەپ

٨ بۆ فۆرمە ئەدەبییەکانی تر

ئەو ژمارەیەی کە مەبەستی شێوە ئەدەبییەکە دەگەیێنێ دەخرێتە شوێنی (سفر) بۆ ئەدەبیاتی ئەو زمانانەی بەسفر کۆتاییان دێت، یان دەخرێنە سەر ژمارەی زمان لەزمانەکانی تردا، **بۆ نموونە:**

شیعری عەرەبیی (٨١١): ٨١٠ ئەدەبی زمانی عەرەبی + (١) بۆ شیعر=٨١١ دوای لابردنی سفرەکە.

چیرۆکی ئینگلیزی (٨٢٣): ٨٢٠ ئەدەبی زمانی ئینگلیزی + (٣) بۆ چیرۆك=٨٢٣ دوای لابردنی سفرەکە.

گاڵتەوگەپی ئەڵمانی (٨٣٧): ٨٣٠ ئەدەبی زمانی ئەڵمانی + (٧) بۆ گاڵتەوگەپ= ٨٣٧ دوای لابردنی سفرەکە.

وتاری ئەدەبیی رووسی (٨٩١,٧٤): ٨٩١,٧ ئەدەبی زمانی رووسی+ (٤) بۆ وتار=٨٩١,٧٤.

١٠- پۆلێنی کتێبی ژیننامە (ژیننامەی کەسەکان):

ژیننامە (مێژووی ژیانی کەسانی بەناوبانگ لە زاناو ئەدیبانو ...تاد) لەو کتێبو سەرچاوانەن کە خوێندکار حەز بەخوێندنەوەیان دەکەن لەهەموو قۆناغەکانی

خوێندنیانـدا، هەربۆیـە بایەخـدان پێـی لـەرووی پۆلێنـەوە جـۆرە ئـەرکێك بـووەو دەتوانرێت زیاد لەرێگایەك بۆ پۆلێنییان بگیرێتە بەر، پۆلێنی ژیننامە بەپێی پیـشەی کەسایەتیەکە دەبێت، نەوەك پیشەی نووسەری ژیننامەکە.

هەربۆیە دەبێ پۆلێنکار پیشەی خاوەن ژیننامە دیـاری بکـات، دەتوانێـت لـەرێی لیستەی ناوەرۆکی بەرهەمەکە، یان پێـشەکی، یـان ناونیـشان، یـاخود رێبـەرەوە لـە پیشەی ئەو کەسە بگات.

ئەگەر وانەبوو، دەتوانرێت لەرێی پەنابردنە بەرسەرچـاوە دەرەکییـەکانی وەکـو: ئینسایکلۆپیدیاو فەرهەنگی ژیننامەکانـەوە بزانرێـت، پـۆلێنی ژیننامـە بـەم شـێوەیە ژمارەکانیان دانراون:

ژیننامەی فەیلەسووفان	٩٢١
ژیننامەی پیاوانی ئایین	٩٢٢
ژیننامەی پیاوانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان	٩٢٣
ژیننامەی زمانەوانەکان	٩٢٤
ژیننامەی زانایان	٩٢٥
ژیننامەی پیاوانی تەکنەلۆژیا	٩٢٦
ژیننامەی هونەرمەندان	٩٢٧
ژیننامەی ئەدیبان	٩٢٨
ژیننامەی رەچەڵەك	٩٢٩

ژیننامە دوو جۆرن:

أ- ژیننامەی تاکەکەسی:

لە پۆلێنکردنیدا دەبێ هێمای پیتێك یان زیاتری بخرێتە سەر، یان پیتێکی سەر بە ژمارەکانی یەك لە خشتەکانی پۆلێنی بەژمارەکردنی ناوی دانەران، دەکاتە نیشانە بۆ خاوەنی ژیننامە، کە بەزۆری بریتییە لە پیتی یەکەمی ناوەکەی.

مامۆستا احمد ابو زید دیاری دەکات کە لەم حاڵەتەدا ئەم هێمایە بەشێکی دانەبڕاوە لە ژمارەی پۆلێن، ناکرێ ژمارەی پۆلێنی ناوی کەسەکە بێت بەبێ ئەو، ئەم هێمایە ریزبەندیی هەموو ژیننامەی تاکەکەسەکان لە یەك بابەتدا بە پیتی هیجایی ناوەکانیان بۆ پۆلێنکار مسۆگەر دەکات، هەروەها کۆکردنەوەی هەموو ژیننامە نووسراوەکان بە قەڵەمی جیاواز؛ لەسەر کەسێك؛ دەبێ هەموویان لە جێگایەکی ناو تاخچەکاندا دابنرێن.

ب- ژیننامەی کۆمەڵەکەسی:

لەکاتی پۆلێنکردندا ئەو هێمایەی ناخرێتە سەر؛ هەربۆیە پێش ژمارەی بەتاڵ لە هێماکان؛ ژمارەی ژیننامەی تاکەکەس هەیە بەهێمای بابەتەکەیەوە، ئەویش لە دوا رێکخستندا لەنێو تاخچەکان، دەتوانرێ هێمای ژیننامە کۆکراوەکان بە (هێمای نووسەر) زیاد بکرێت.

پۆلێنکار کاتێك کتێبی ژیننامەکان پۆلێن دەکات، دەتوانێ ئەم رێگایانە بگرێتەبەر:

*خستنە سەری ژمارەی یەکگرتووی (٠٩٢) کە ژیننامەکان دەباتە سەر کۆتایی ژمارەی بابەتو بریتییە لە پیشەی خاوەنی ژیننامەکە، یان ژیننامەکان، لەگەڵ جێبەجێکردنی بنەماکانی بەکارهێنانی دابەشکردنی ستاندار، وەکو:

حیاة طبیب بقلم نجیب محفوظ (الطبیب).

*دانانی هەموو ژیننامەکان لەنێوان ژمارەکانی ٩٢١ـ٩٨٢، بەوپێیەی خانەی یەکان گوزارشت لە پێشەی خاوەن ژیننامە دەکات، ئەوەتا ٩٢١ تەرخانە بۆ ژیننامەی فەیلەسووفان، ٩٢٢ بۆ پیاوانی ئایین، ٩٢٣ بۆ پیاوانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ تێبینی ژمارە ١٠٠ کە بۆ فەلسەفەیەو ٢٠٠ بۆ ئایینو ٣٠٠ بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکانە.

*دەکرێ لەژێر هێمای (ت)دا کە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (تراجم)ی عەرەبی پۆلێن بکرێت، لەژێر ئەو هێمایەدا پیتی یەکەمی ناوی خاوەن ژیننامەکە دابنرێت، بۆ نموونە کتێبی: (العقاد ناقداً) تألیف عامر العقاد ت/م.

چەند سەرنجێك لەسەر پۆلێنکردنی ژیننامەکان:

*رێگای یەکەم: بریتییە لە دابەشکردنی ژیننامەکانی نێو کتێبخانە بەسەر بابەتەکاندا، بەڵام رێگای دووەمو سێیەم بریتییە لە کۆکردنەوەی سەرجەم ژیننامەکان لەیەك بەشدا کە ئەویش (٩٢٠) یان (ت)یە.

*رێگای یەکەم: بۆ کتێبخانە گەورەکان دەگونجێ، بەڵام دووانەکەی تر بۆ کتێبخانە ناوەنجیو بچووکەکان.

*هەندێ بەش لە بابەتەکانی لەمەوبەر دەچنە خانەی زانیاریی گشتی (٠٠١–٠٩٩)و پۆلێنی دیوی بەم شێوەیە ریزی کردوون:

ژیننامەی بیبلیۆگرافیاکاران	لەژێر ژمارە	٩٢٠,١
ژیننامەی پسپۆڕانی کتێبخانەو کارمەندانی کتێبخانەو ئارەزوومەندان لە کۆکەرەوانی کتێب	لەژێر ژمارە	٩٢٠,٢
ژیننامەی ئینسایکلۆپیدیاکاران (خاوەنی ئینسایکلۆپیدیاکان)	لەژێر ژمارە	٩٢٠,٣
ژیننامەی بڵاوکەرەوەو بازرگانانی کتێب	لەژێر ژمارە	٩٢٠,٤

ژیننامــەی رۆژنامەنووســانو وتەبێــژان لەســەر هەواڵەکانی رادیوو تەلەفزیۆن	لەژێر ژمارە	٩٢٠,٥
ژیننامـــەی ئەکادیمییـــەکان (تـــەنیا ژیننامـــە کۆکراوەکان)	لەژێر ژمارە	٩٢٠,٦
ژیننامەی تاکە کەسو گروپ بەپێی رەگەز	لەژێر ژمارە	٩٢٠,٧
ژیننامەی پیاوان	لەژێر ژمارە	٩٢٠,٧١
ژیننامەی ژنان	لەژێر ژمارە	٩٢٠,٧٢
ژیننامەی خەڵکی شاز (شێتەکان دەگرێتەوە)	لەژێر ژمارە	٩٢٠,٨
ژیننامــەی گروپــی تــر کــە ئەوانــەی پێــشوو نایانگرێتەوە	لەژێر ژمارە	٩٢٠,٩

*پـۆلێنی ژیننامـەی کـۆکراوە کـە پەیوەسـت نییـە بـەکاتو شـوێنو پیـشەیەکی دیاریکراوەوە لەژێر ژمـارەی (٩٢٠,٠٢)، هەرچـۆن ژیننامـەی کـۆکراوەی گـشتیی کـە پەیوەست نـەبێ بـە بابـەتێکی دیـاریکراوو تایبـەت بـێ بـە شـوێنێکی جوگرافییـەوە دەکەوێتە نێوان ژمارەکانی (٩٢٠,٠٣–٩٢٠,٠٩) ئەویش بەپێی ژمارەی جێگاکە، ئـیتر کیشوەر بێت یان دەوڵـەت یـان هـەرێم یـاخود شـار، بەشـێوەیەك ژمـارەی ناوچـەکە دەخرێتـە سـەر ژمـارەی بنـچینەیی (٩٢٠,٠) ئـەویش هەرچـۆن لەبەشـی تایبـەت بـە دابەشکردنی جوگرافی لە لیستەی(شوێن Areas)دا هاتووە.

*لەسەر پۆلێنکار پێویستە پەیڕەوی یەك رێگا بکات لە پۆلێنی ژیننامەدا، نەوەك بێت دوو رێگا یان زیاتر بەهەر بیانوویەکەوە تێکەڵ بکات.

١١–پۆلێنی چیرۆك:

هەرچۆن مامۆستا احمد البدوی ابو زید باسیکردوە، دەتوانرێ بۆ پۆلێنی چـیرۆك دوو رێگا بگیرێتەبەر:

*دەکرێ چیرۆك بەپێی هێما تایبەتەکانی پۆلێنی ئەدەبیاتی زمانە جیاوازەکان، هەرچۆن لەپلانی پۆلێندا هاتووە، پۆلێن بکرێت، چیرۆکی عەرەبی لە ژمارە ٨١٣و چیرۆکی ئینگلیزی لە ژمارە ٨٢٣دا دابنرێت لەگەڵ رەچاوی پیتەکانی هیجا لە ناوی نووسەرانی هەریەکیاندا. لەم حاڵەتەدا پێویستە رەگەزی نووسەرو زمانەکەی کە چیرۆکەکەی پێنووسراوە، بەر لە وەرگێڕانی؛ بزانرێ، بۆ نموونە (بازرگانی ڤینسیا، نووسینی ولیەم شەکسپیر) لە ئەدەبی ئینگلیزی دا پۆلێن دەکەن، نەك ٨١٣ کە ئەدەبی عەرەبییە، هەرچەندە وەرگێڕراوە بۆ عەرەبی.

*دەتوانرێ چیرۆکی عەرەبی لەسەرجەم فۆرمە ئەدەبییەکانی تر جیابکرێتەوە، بەمەرجێك ریزبەندیی هیجایی بۆ بکرێت بەپێی ناوی نووسەرو بەبێ خشتەکانی پۆلێن، ئەویش دوای پێدانی هێمای (ق) کە مەبەست لە (قصص) چیرۆکە، هەمان شت بۆ چیرۆکی ئەمریکی دەکرێت لەگەڵ پێدانی هێمای (F) کەمەبەست لە (Fiction)ە، لەژێر ئەم هێمایەدا پیتی یەکەمو دووەم لەناوی نووسەرو پیتی یەکەمو دووەم لە ناوی چیرۆکەکە دادەنرێت، چیرۆکەکان لە جێگایەکدا لەسەر تاخچنی کتێبخانە بەپێی پیتەکانی هیجا لە ناوی نووسەردا دادەنرێت، بەڵام بۆ چیرۆکەکانی تر کە عەرەبی نین، یان ئینگلیزیو ئەمریکی نین؛ ئەوا لەژێر ژمارەی تایبەتی خشتەی پۆلێندا؛ پۆلێن دەکرێن، بۆ نموونە چیرۆکی ئەڵمانی ٨٣٣و چیرۆکی فەرەنسی ٨٤٣و چیرۆکی ئیتالی ٨٥٣و چیرۆکی ئیسپانی ٨٦٣و بەوشێوەیە.

نموونە:

چیرۆکی (قصر الشوق) نووسینی نجیب محفوظ، ژمارەیەکی تایبەت وەردەگرێت کە بریتییە لە:

٨١٣

ن ج ق ص

چـیرۆکی شـانۆیی (ثـورة المـوتی) نووسـینی ئـەروین شـۆ، ژمارەیـەکی تایبـەت وەردەگرێت ئەویش:

٨٢٣

ش و ث و

دەبینین لە ژمارەی تایبەتی چیرۆکی دووەمدا (شۆڕشی مردووەکان) هـەردوو پیتـی سەرەتای ناوی (نازناوی خێزانیی) نووسەرەکەمان وەرگرتووە، لەبـەر ئـەوەی نـاوە بیبانییەکان هەڵدەگەڕێنرێنەوە بەشێوەیەك نازناوی نووسەر دەکەوێتـە پـێش نـاوی خودی نووسەرەوە.

١٢–پۆلێنی فەرهەنگەکانی زمان:

فەرهەنگە زمانەوانییەکان بەسەر سێ جۆردا دابەشدەبن:

١–فەرهەنگی زمانەوانیی لەیەك زماندا.

٢–فەرهەنگی زمانەوانیی لەدوو زماندا.

٣–فەرهەنگی زمانەوانیی لە چەند زمانێکدا.

هەریەك لەم جۆرانە، رێگای پۆلێنیان جیاوازە.

أ– فەرهەنگی زمانەوانیی لەیەك زماندا:

پۆلێنی ئەم جـۆرە فەرهەنگـە (لەیـەك زمانـەوەو بـۆ ئـەو زمانـە خـۆی) دەبێـت، پۆلێنی لەژێر ژمارەی تەرخانی زماندایە لە پلانەکەدا؛ لەگەڵ زیادکردنی ژمارە (–٣) کە نیشانەیە بۆ فەرهەنگە زمانەوانیـەکان لەگـەڵ جێبـەجێکردنی بنـەما تایبەتـەکانی دابەشکردنە زمانەوانییەکان.

نموونە:

*معجم عربی/ عربی ٤١٣ (٤١٠+٣و سفرەکە لادەبرێت)

*معجم إنجلیزی/ إنجلیزی ٤٢٣ (٤٢٠+٣و سفرەکە لادەبرێت)

*معجم ألمانی/ ألمانی ٤٣٣ (٤٣٠+٣و سفرەکە لادەبرێت)

*معجم فرنسی/ فرنسی ٤٤٣ (٤٤٠+٣و سفرەکە لادەبرێت)

نموونەی تر:

*معجم یونانی/ یونانی ٤٨٣

*معجم روسی/ روسی ٤٩١,٧٣

ب- فەرهەنگی زمانەوانیی لە دوو زماندا:

لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یان لە هەردوو زمانەوە بۆ یەکتر، لەژێر ژمارەی تایبەتی ئەو زمانەیاندا پۆلێن دەکرێت کە کەمتر ناسراوە لای خوێنەرانی کتێبخانە، چونکە ئێمە کەمتر پێویستمان بە وەرگێڕانی ئەو وشانە دەبێت کە دەیانزانین، نەك بە پێچەوانەوە، ئینجا دوای ئەوە زیادکردنی دابەشکردنی زمانەوانی (٣-) ئەنجامدەدرێت کە نیشانەیە بۆ فەرهەنگە زمانەوانییەکان، پاشان گوزارشت لە زمانەکەی تر دەکات بەزیادکردنی ژمارەکەی بۆ سەر ژمارەی لێکدراو دوای لابردنی ژمارەی (٤) لەسەری.

نموونە:

قاموس إنجلیزی-عربی ٤٢٣,١ (٤٢٠ زمانی ئینگلیزی+٣ دابەشکردنی زمانەوانی=٤٢٣و ٤١٠ی زمانی عەرەبیی دەخرێتە سەرو دەکاتە ٤١٠و ٤٢٣=٤٢٣,١ دوای لابردنی ژمارە (٤)و لابردنی (سفر)ەکە، چونکە (سفر) پێویست نییە لە پلانی پۆلێنی دەییدا.

دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت کە ئەم سیستمە بۆ کتێبخانەکانی ئەو وڵاتانە گونجاوە کە ئاخافتنیان عەرەبییەو کەمتر ئینگلیزی دەزانن، لە وڵاتانی ناعەرەبیدا بە جۆرێکی ترە، بۆ نموونە لەکتێبخانەی ئینگلیزی دا هەر فەرهەنگێکی ئینگلیزی-عەرەبی لەژێر ژمارەی زمانی عەرەبیدا دەبێت، نەك زمانی ئینگلیزی کە لە کتێبخانەی وڵاتانی عەرەبیدا وەها دەکرێت، چونکە زمانی عەرەبی لای ئەوان کەمتر باوە.

لەو حاڵەتانەدا کە گومان هەڵگرن، یان کەسی پۆلێنکار ناتوانێت زمانی کەمێك باو دیاری بکات، پێویستە پۆلێنی فەرهەنگەکە لەژێر ئەو ژمارەی زمانەدا بکات کە لە لیستەی زمانەکاندا دواتر ژمارەکەی دێت.

ج – فەرهەنگی زمانەوانیی لەچەند زمانێکدا:

واتە لە زمانێکەوە بۆ زیاتر لە زمانێك، هەموو ئەم فەرهەنگانە لەژێر ژمارەیەکدا پۆلێن دەکرێن کە ئەویش بریتییە لە (٤٠٣)و بەهیچ جۆرێك دابەشکردن هەڵناگرێت.

١٣–پۆلێنی کتێبخانەی منداڵان:

هەندێك لە کتێبخانەکانی منداڵان کتێبەکانیان لەخۆوە دابەشدەکەن بەسەر چیرۆك‌و کتێبی زانیاریدا؛ واتە بابەتیی، هەندێکی تریان چیرۆکی منداڵان بەپێی پیتەکانی هیجای ناوی نووسەران لەسەر تاخچەکان رێکدەخەن، بێ رەچاوکردنی بابەتی چیرۆکەکان، ئیتر کتێبی هەر نووسەرە لەیەك جێگادا دادەنرێت، ئەگەر بابەتەکانیشیان جیاواز بێت.

شارەزایانی کتێبخانە ئەم رێکخستنە بە نالۆژیکی دەبینن، چونکە مەبەست لەپۆلێنی کتێبی منداڵان نایەتە دی‌و منداڵ دەستی بەو کتێبە ناگات کە دەیەوێ بیخوێنێتەوە. هەربۆیە دەبێ رێگایەك بگرێتەبەر کە وا لە منداڵ بکات پەرۆشی هەڵبژاردنی ئەو چیرۆکانە بن کە حەز بە خوێندنەوەیان دەکەن.

١٤–پۆلێنی چیرۆکی منداڵان:

دیارە هەر چیرۆکە لەدوو توێیدا؛ بابەتێك، یان بیرۆکەیەك، یان بەهایەکی دیاریکراو هەیە، هەر چیرۆکەو شێوازی نووسینی خۆیشی هەیە، لە کتێبخانەی منداڵاندا پێکەوە چیرۆکی مێژوویی‌و زانستی‌و ئایینیی دەبینین؛ گەر بتوانین هەریەکە لەو جۆرانە بەپێی بابەتەکانیان پۆلێن بکەین‌و بۆ هەر بابەتەش رەنگی دیاریکراو دەستنیشان بکەین، ئەوە رێخۆشکەر دەبێت بۆ منداڵ کە بەخێرایی بگاتە ئەو چیرۆکانەی حەز بە خوێندنەوەیان دەکات، هەرچۆن دەتوانێ بە ئاسانی دوای

خوێندنەوەیان بیانگێڕێتەوە بۆ شوێنی خۆیان، چونکە هەر چیرۆکە کاغەزێك کراوە بە لێوارەکەیەوە بەرەنگی بابەتەکە خۆی، پێشنیازێك هەیە بۆ پۆلێنی کتێبی منداڵان بە رەنگەکان بەم شێوەیە:

*چیرۆکی ئایینی ←——— بە رەنگی سپی

*چیرۆکی زانستی ←——— بە رەنگی سەوز

*چیرۆکی مێژوویی ←——— بە رەنگی سوور

*چیرۆکی کۆمەڵایەتی ←——— بە رەنگی شین

*چیرۆکی گاڵتەوگەپو دەگمەنەکان ←——— بە رەنگی خۆڵەمێشی

*چیرۆکی ئەفسانەکان ←——— بە رەنگی زەرد

*چیرۆکی میللی ←——— بە رەنگی قاوەیی

*چیرۆکی خەیاڵی ←——— بە رەنگی رەش

١٥–پۆلێنی کتێبەکانی زانیاری تایبەت بە منداڵ:

ئەو کتێبانە بابەتی دیاریکراو لەخۆ دەگرن، هەربۆیە پێویستیان بە یەکخستنی بابەتی هەیە زیاتر لەوەی پێویستیان بە سیستمی پۆلێنی دیوی دەیی هەبێت، زۆربەی کات کتێبخانەی منداڵان رەچاوی پۆلێنی فراوان دەکات، واتە هەڵبژاردنی هێمای پۆلێنێك کە رێنیشاندەر بێت بۆ بابەتی گشتی، چونکە پێویست بە بەکارهێنانی هێماکانی پۆلێن بەوردی ناکات. پۆلێنی فراوان رێکخستنی کتێبەکانە بەپێی ژمارە سەرەکییەکان، لەگەڵ لقەکانیان کە ژمارەیان لە ژمارە سەرەکییەکان تێپەڕناکەن، بەبێ بەکارهێنانی دابەشکردنە دەییەکانی تر، ئەم رێگایە بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکانو کتێبخانەی باخچەکانی ساوایانو کتێبخانە گشتییە بچووکەکان دەستدەدات.

بەڵام پۆلێنی بەرتەسك بریتییە لە ریزبەندیی کتێب بەپێی دابەشبوونی لقەکان بە وردی کە تایبەتن بە بابەتی هەر لقە، ئەمەش پۆلێنێکی یەکجار وردەو لە کتێبخانە تایبەتمەندەکانو کتێبخانە گەورەکاندا بەکاردێت.

دەبێ ژمارەی پۆلێن لەگەڵ رەنگی دیاریکراوی بابەتی کتێبەکانی منداڵ پێکەوە لەسەر کتێب جێگیر بکرێن، چونکە پێویستە منداڵ هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە لەسەر ژمارەکانی پۆلێن رابهێنرێت، تا قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکات.

شارەزایانی کتێبخانەکان پێشنیازی چەند میتۆدێك بۆ پۆلێنی کتێبی منداڵان دەکەن، کە گرنگترینیان:

زانیاریی گشتی (٠٠١–٠٩٩):

کتێبەکانی راگەیاندن، کتێبی تایبەت بە کتێبخانەکان، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، وتاری گشتیی بۆ منداڵان، گۆڤارە جزوبەندکراوەکان، چیرۆکی وەرگێڕراو لە کەلەپورەوە.

فەلسەفەو دەروونزانیو رەفتارو رەوشت (١٠٠–١٩٩).

ئایینەکان (٢٠٠–٢٩٩) سپی:

قورئانی پیرۆز، چیرۆکە وەرگیراوەکان لە قورئانەوە، تەفسیرەکانی قورئان، فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، شەرەکانی پێغەمبەر، ئەسحابەکان، شوێنە پیرۆزەکانو چیرۆکی پێغەمبەران، ئایینەکانی تر.

زانستە کۆمەڵایەتییەکان (٣٠٠–٣٩٩) سوور:

لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، دانیشتووان، سیاسەت، ئابووری، بازرگانی، دراو، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، دیدەوانیو رابەران، مەتەڵ، سەرکێشیی پۆلیسی، زانستی سەربازی، فێرکردن، گەیاندن، ئەفسانەو باوەڕی پووچ، چیرۆکی خەیاڵیی هەڵێنجراو لە کەلەپورەوە، پەندی میللی، چیرۆکی پاڵەوانێتی، ئەو چیرۆکانەی لەسەر زمانی ئاژەڵو باڵندەوە دەگێڕدرێنەوە..تاد.

زمانەکان (٤٠٠–٤٩٩) زەرد:

کتێبەکانی زمان دەگرێتەوە لە: فەرهەنگی زمانەوانی، کتێبەکان سەبارەت بەزمان، فێربوونی زمان، ڕێزمانو وتەسازی.

زانستە ئاسانکراوەکان (٥٠٠–٥٠٩) شین:

چیرۆکی زانستی، چیرۆکی خەیاڵی زانستی، کتێبی زانستیی ئاسان دەربارەی رووەکزانی، ئاژەڵ، هەڵکۆڵین، پیشە دەستییەکان، گەردوون، زەویناسی، دەریا، دوورگەکان، کەشوهەوا، کارەباو موگناتیس.

زانستەکانی تەکنەلۆژیا (٦٠٠–٦٩٩) ڕەش:

ئینسایکلۆپیدیای تەکنەلۆژیو پزیشکیو ئەندازەیی، کتێبی پزیشکیو ئەندازەیەیی، پیشەسازیی ناوماڵ، خانووبەرە، خۆراك، پیشەسازیی خۆراك، کشتوکاڵ.

هونەرە جوانەکان(٧٠٠–٧٩٩) قاوەیی:

ئینسایکلۆپیدیای وەرزشو یارییەکان، یاریی خۆشگوزەراندن، یاریی ناوماڵ، ڕەنگو ڕەنگکردن، نیگار، پەیکەرسازیی، هونەری شێوەکاری، وێنەگرتنو سینەما، شانۆ، تەلەفزیۆن، ڕادێو، موزیك، گۆرانی، گەشت، کاتبەسەربردن.

ئەدەبیات (٨٠٠–٨٩٩) زیوی:

ئەدەبیاتی سەرجەم زمانەکان لە: شیعر، چیرۆکی شیعر، شانۆنامە، شانۆنامەی شیعریی، چیرۆکی ئەدەبی، چیرۆکی گاڵتەوگەپ، وتاری ئەدەبی، وتاری ئەدەبیی بۆ منداڵان، دانسقەو گاڵتەوگەپ.

جوگرافیاو ژیننامەو مێژوو (٩٠٠–٩٩٩) ئاڵتوونی:

چیرۆکی مێژوویی، چیرۆکی گەشتنامەکان، مێژووی وڵاتانو گەلان، مێژووی شارستانێتی، گەشت بە دەوری جیهاندا، گەشتیارانو دۆزەرەوان، جوگرافیا، ئەتڵەسەکان، شوێنەوار، ژیننامە.

قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلانەکە:

١- تابلۆیەکی ڕێنیشاندەر دادەنرێت بۆ بەشەکانی کتێبخانە لەگەڵ ڕەنگە تایبەتەکانی هەر بەشە بە پێوانەی ٥٠×٧٠ سمو لە دەروازەی کتێبخانەدا دادەنرێت.

٢- تابلۆی ڕێنیشاندەر بۆ هەر بەشە بە ڕەنگی خۆیەوە لەگەڵ ژمارەی تایبەت بەخۆی بە پێوانەی ٨×٤٠ سم لەبەشەکاندا دادەنرێت.

٣- دابەشکردنی کتێبەکانی کتێبخانە بەپێی دابەشکردنەکانی پێشوو و لقەکانیان، بە مەرجێ زنجیرەکان بە بابەتی دیاریکراوەوە لە شوێنی خۆیاندا بن، بەڵام گەر زنجیرە هەبوو چارەسەری زیاد لە بابەتێکیان کرد ئەوا دەخرێنە (زانیاریی گشتی)یەوە.

٤- لێواری (کعب) هەر کتێبە لە بەشەکاندا بە ڕەنگی خۆیانو بەپێی ژمارەی پۆلێنیان لە جێی خۆیاندا چەسپ دەکرێن، لەگەڵ نووسینی ژمارەیان لەسەر لێوارەکە بەپێی خشتەی پلانەکە.

نموونە:

*زانیاری گشتی: ڕەنگی سەرلێوارەکە زەرد دەبێتو لەسەری دەنووسرێت (١٠٠).

*نووسینی هێما لەتەنیشت ژمارەی پۆلێنەکە دەبێ لەسەر لێوارو بریتی دەبێت لە هەردوو پیتی یەکەمو دووەمی ناوی نووسەرو هەردوو پیتی یەکەمو دووەمی ناونیشانی کتێبەکە.

*ڕێکخستنی کتێبەکان لەسەر تاخچەکان بەپێی ڕێنماییەکانی رابردوو دەبێت.

*دەتوانین هەمان سیستمی چیرۆكو شانۆنامەی تایبەت بە منداڵ بۆ کتێبەکانی تری منداڵان بە هەمان ڕێگا بکەین لەگەڵ زیادکردنی پیتی (ط) بۆ کتێبی عەرەبی کە واتای کتێبی (اطفال/ منداڵان) دەگەێنێت، هەروەها پیتی (J) بۆ کتێبە بیانیەکان کە واتای وشەی (Junior) دەگەێنێت، کە دەکاتە (منداڵ).

بۆ نموونـە (٨١٠) واتـە کتێبـی تایبەتـە بـە گـەورەکان، بـەڵام (٨١٠ط) واتـە کتێبـی تایبـەت بـە منـداڵان، ئـەویش بـۆ تێکـەڵ نـەکردنی کتێبـی گـەورەو منـداڵ لـە کـاتی ریزبەندیو ئەنجامدانی پێڕستدا.

پاری پێنجەم

گرنگترین سیماکانی دابەشکردنی پێوانەیی (شێوەیی)

یەکەم: دابەشکردنی پێوانەیی (شێوەیی)

دووەم: بنەماکانی بەکارهێنانی دابەشکردنی پێوانەیی(شێوەیی)

یەکەم: دابەشکردنی پێوانەیی (شێوەیی)

لە پۆلێندا مەبەست لە (شێوە)، شێوەی کەرەستەی کتێبە، یان ئەو شێوەیەی کە کتێبەکە خۆی تیادا دەنوێنێت، هەندێ کتێب هەریەك لە بابەتەکانی زانیاریی مرۆیی لەشێوەی کورتکراوەدا، یان ئینسایکلوپیدیا، یان خولاوەکان دەخەنە روو، زۆربەی بابەتەکانیش لەرووی تیۆریی یان هونەریی، یان مێژوویی دەردەکەون.

بۆ نیشاندانی ئەو شێوەیەش کە بابەتەکەی پێ دارێژراوە، پلانی پۆلێنی دەیی نۆ بەشی دیاری کردوە کە بە بەشە شێوەییەکان (پێوانەییەکان) ناو دەبرێن، ئەو دابەشکردنە لە چاپە کۆنەکانی پۆلێنی دیوی دا بە (دابەشکردنی شێوەیی)، یان (دابەشکردنەکانی شێوە) ناو دەبران، بەڵام لە چاپە نوێیەکاندا لە دوای چاپی حەڤدەیەمەوە ساڵی ١٩٦٥؛ تا دوا چاپی بە ناوی نوێی (دابەشکردنی پێوانەیی)ەوە ناسراوە.

ساڵی ١٩٧١ چاپی هەژدەیەم فراوان بووەو دابەشکردنەکان لە نۆ دابەشکردنە کۆنەکە تێپەڕیون.

کاری پراکتیکی پۆلێنو سوودەکانی ئەو دابەشکردنە پێوانەییە هاوبەشەیان لە دوو رووەوە سەلماندوە:

١- لەڕووی دابەشکردنی کتێبو چاپکراوە جۆراوجۆرەکان کە چارەسەری یەك بابەت دەکەن لە ژمارەی جیادا؛ لەبری دانانیان لەژێر یەك ژمارەدا کە گەڕان بە دوایاندا کارێکی قورسە.

٢- لەرووی هێنانە کایەی هێماکانەوە کە یاریدەی بیرخستنەوە دەدەن، ئەوەش ئامانجی هەر خاوەن پلانێکی پۆلێنو مەبەستی هەر پۆلێنکارێکە.

پۆلێنی دیوی ئەو دابەشکردنانەی لە لیستەی یەکەمی کۆی لیستە یاریدەدەرەکاندا کۆکردوەتەوە، واتە لیستەی دابەشکردنە پێوانەییەکە، هەموو ژمارەکانیشی بە (سفر) دەستپێدەکاتو بە دوایدا ژمارەی تر دێن وەکو(٠٩ مێژوو)

یان دوو ژمـارە دێـن وەکـو (٠٩٢ ژیننامـەکان)، زۆرجـاریش کـە هەنـدێ ژمـارە زیـاد دەکرێن سفرەکە لادەبرێت، زۆرجاری تریش دەمێنێتەوە، کارەکـەش پەیوەسـتە بـە بنەماکانی بەکارهێنانی دابەشکردنە پێوانەییەکەوە.

لیستی دابەشکردنی پێوانەیی

(بەشە شێوەییەکان)

٠١، فەلسەفەو تیۆرەکان

٠١٣، بەهاو سوود

٠١٤، زاراوە هونەرییەکان

٠١٧، سیستمو یەکەکانی پێوانە

٠١٨، پرۆگرامی زانستیو هونەریی لە چارەسەری بابەتدا

٠١٩، بنچینە سایکۆلۆژییەکان

٠٢، کورتکراوەکان (ئەو کارانەی چارەسەری بابەتی دەکەن بە تەواویی لە کورتکردنەوەداو بە شێوازی رێکخراو)

٠٢٤، کتێب بۆ گروپی دیاریکراو لە خەڵك

٠٢٨، تەکتیك، میتۆدو کاری هونەریی یاریدەدەر، ئامێرو کەرەستەکان.

٠٢٨٥، ئامادەکردنی داتاکانو پراکتیکی کۆمپیوتەر

٠٣، فەرهەنگو ئینسایکلوپیدیاو فەرهەنگی زارەکان (الألفاظ)

(پێڕستی هیجایی، فەرهەنگی تایبەت، فەرهەنگی زاراوەکان)

٠٤، وتارو موحازەرەکان، جێباسی تایبەت

٠٥، خولاوەکان بە چاوپۆشین لە جارەکانی دەرچوونیان

٠٥٨، کتێبی ساڵانە (رێبەرەکان/ الأدلة)

٠٥٩، رۆژژمێرەکان (کە رۆژژمێری رووداوەکان دەگرێتەوە)

٠٠٦ رێکخراو و کۆمەڵەو دەستەکان

(مێژوو، راپۆرت، گەڵاڵەنامەی دامەزراندن، لیستی ئەندامان)

٠٠٦١ رێکخراوی حکومی، نێودەوڵەتی، نەتەوەیی، ناوچەیی

٠٠٦٢ رێکخراوە ناحکومییەکان

دابەشدەکرێن وەکو(٩٣٠–٩٩٩) هەروەها وەکو دەستەی ناحکومیی لە وڵاتە یەکگرتووەکان (٠٠٦٢٧٣)

٠٠٦٣ کۆنگرەکان (کۆنگرەی کۆمەڵەکان کە خاوەنی رێکخراوی هەمیشەیین/ بڕوانە دابەشکردنی پێوانەیی)

٠٠٦٥ دامەزراوە بازرگانییەکان

٠٠٦٩ کەسانی پەیوەندیدار بە بابەتەوە

٠٠٧ خوێندن‌و فێرکردن‌و توێژینەوە

٠٠٧١ قوتابخانەکان

٠٠٧١١ زانکۆو کۆلیژەکان (دابەشدەکرێن؛ وەکو ٩٣٠–٩٩٩)

٠٠٧١٢ خوێندنگای ئامادەیی

٠٠٧١٤ پرۆگرام بە نامەناردن‌و ئینتەرنێت‌و خوێندنی کراوە

٠٠٧٢ توێژینەوەو ئەزموونگەریی

(کارگەو تاقیگەو ویستگەی ئەزموونەکان)

٠٠٧٣ خوێندکارو فێرکاران

٠٠٧٤ مۆزەخانەو پێشانگاکان

٠٠٧٥ کۆکردنەوە(کۆکردنەوە وەك ئارەزوو)

٠٠٧٦ پرس‌و پرسیارەکان، پێداچوونەوەو پراکتیك

(چارەسەر، وەڵامدانەوە، کتێبی راهێنان، پرسیاری تاقیکردنەوەکان)

٠٠٧٨ کەرەستەکانی خوێندن، وانەبێژیی، بەکارهێنان

(ئامێر، هۆیەکانی روونکردنەوە، سەلماندنی تاقیگەیی، پرۆژەو ئەزموونی خوێندکاران)

٠٧٩، پێشبڕکێ کە خەڵاتیان هەبێت، پاداشت، باربوو، پشتگیری دارایی، نازناوی شەرەف (شانازیی)، فیستیڤاڵەکان

٠٨، کۆمەڵەو هەڵبژاردەکان

٠٨١، کۆمەڵە دانراوی یەك نووسەر

٠٨٢، کۆمەڵە دانراوی چەند نووسەرێك

٠٨٢٢، کۆمەڵە لە هەڵبژێردراوەکان، وەرگیراوەکان، کورتکراوەکان

٠٨٣، خشتەو هاوکێشەکان

(خشتەی هاوکێشەی ماتماتیك، خشتەی ژمارەیی، خشتەی گواستنەوە، خشتەی ژمێریاریی، خشتەی ئاماریی)

٠٨٤، ئامرازەکانی بیستنوبینین، نموونەکانو کاری نموونەکان

٠٨٤٣، توێژەکان (الشرائح)

٠٨٤٦، فیلم

٠٨٤٧، تۆمارکراوەکان

٠٨٥، چاپکراوی بازرگانی

(لیستی نرخ، کەتەلۆگی بازرگانی)

٠٨٨، کۆمەڵەکان، هەمەجۆرەکان

٠٩، مێژووی گشتیو ناوچەیی، چارەسەری مێژوویيو جوگرافی، چارەسەری کەسەکان

٠٩٠١، مێژووی کۆن تا ساڵی ٥٠٠ی زایین

٠٩٠٢، مێژووی ناوەند تا ساڵی ١٥٠٠ی زایین

٠٩٠٣، مێژووی نوێ لە ١٥٠٠ی زایین تا کۆتایی سەدەی بیستەم

٠٩٠٤، مێژووی سەدەی بیستەم ١٩٠٠–١٩٩٩

٠٩٠٥، مێژووی سەدەی بیستو یەکەم ٢٠٠٠

٠٩١، ناوچەو هەرێمە سروشتییەکان

٠٩١٢، ناوچە مامناوەندەکان

٠٩١٣، ناوچە گەرمەکان

٠٩١٤، ناوچە شاخاوییەکان

٠٩١٥، ناوچە بیابانییەکان

٠٩٢، ژینناملەی کەسەکان

(مێـژووی حاڵەتـەکان، ژینناملـەی کەسـیی، وەسـفو رەخنـە لـەکار، رۆژانـەو یاداشت–ئەم ژمارەیە تەنیا لەو کاتانەدا بەکاردێت کە ژینناملە بچنە سـەر بابەتـەکان نـەك بەسـەربەخۆیی وەك ژینناملـە بـن، بـۆ نموونـە کیمیاییـەکان ٥٤٠,٩٢ لـە بریـی ٩٢٥,٤)

٠٩٣،–٠٩٩، مێژووی گشتیو ناوچەیی وڵاتانو ناوچەی جیاواز

(وەکو ٩٣٠–٩٩٩ دابەشدەکرێن)

دووەم: بنەماکانی بەکارهێنانی دابەشکردنی پێوانەیی (شێوەیی)

دەکـرێ دابەشـکردنی پێوانـەیی بـۆ بابـەتێکی دیـاریکراو بـەکاربهێنرێت؛ بەخستنەسەری دابەشکردنە کە بۆ سەر ژمارەی بابەت لە کۆتاییدا، لەگـەڵ رەچـاوی ئەم بنەمایانە کە مامۆستا احمد بدوی ابو زید ئاماژەی بۆ کردوون:

١– ئەگـەر ژمـارەی بابـەتی سـەرەکیی بـە (سـفر) کۆتـایی هـات، دابەشـکردنە پێوانەییەکەی دەخرێتەسەر؛ دوای لابردنی سفرەکە، وەکو مێژووی ئابووری ٣٣,٩.

٢- ئەگەر ژمارەی بابەتی سەرەکیی بە (دووسفر) کۆتایی هات، دابەشکردنە پێوانەییەکەی دەخرێتە سەر؛ دوای لابردنی هەردوو سفرەکە، وەکو مێژووی فەلسەفە ١٠٩.

٣- ئەگەر ژمارەی بابەتی سەرەکیی لەگەڵ دابەشکردنە پێوانەییەکە بوو، ئەوا ژمارەیەك لە پلانی پۆلێن بە واتای لقەکانی بابەت دێت بەوردیو (سفر) دەخرێتە سەر ژمارەکە بۆ جیاکردنەوەیان، نموونەی ئەوانەش بەکارهێنانی ئەم ژمارانەن:

(٠١-٠٩) بۆدابەشکردنی مێژووی ئەوروپا ٩٤٠ بەپێی کاتو سەردەمەکان.

٩٤٠,٢ مێژووی ئەوروپا لە سەردەمی نوێدا.

٩٤٠,٣ جەنگی جیهانیی یەکەم.

بۆ چوونەوە سەر ژمارە پێوانەییەکان دەبێ ژمارە (سفر) بخرێتە سەر ئەو ژمارانە:

٩٤٠,٠٢ کورتەیەك لە مێژووی نوێی ئەوروپا.

٩٤٠,٣ ئینسایکلۆپیدیای جەنگی جیهانیی.

دابەشکردنی جوگرافی Areas:

زۆر کتێبی کتێبخانەکان پێویستیان بە پۆلێنە بە بەکارهێنانی لیستی شوێن (Areas)، ئەویش لە ناوبردنی شوێنو کیشوەری دیاریکراودا.

پۆلێنکار دەتوانێت ئەوە لە رێگای بەکارهێنانی ژمارەی زیادەوە کە گوزارشت لە شوێنی هەر وڵاتێك، یان کیشوەرێك بکات بۆ سەر ژمارەی تایبەتی بابەت، بەوەش دەتوانرێت لە شوێنانی تر جیابکرێتەوە، کە پەیوەندییان بەهەمان بابەتەوە هەبێت.

بایەخی ئەو جۆرە دابەشکردنە لەوەدایە کە ئامرازێکی گرنگەو بەهۆیە پۆلێنکار دەگاتە دیاریکردنی بابەت بە تەواویی.

لە خشتەی پۆلێنی دیویدا لیستێك هەیەو ئەوەی توانراوە لە ناوی شوێنان لە خۆی گرتووە، بایەخی ئەو لیستە دراوەتە ناوچەو هەرێمو شارە گەورەکان، بەڵام

شارە بچووکەکان‌و ناوچەو گوندەکان ژمارەیان نییە، ناوی ئەم لیستەیە بە (لیستەی ناوچەکان) ناونراوەو لە بنەڕەتدا ئەم لیستەیە سوودی لە ژمارەی تەرخانی مێژوو (٩٣٠–٩٩٩) وەرگرتووە، بەڵام بە درێژکردنەوەوە.

لەسەر پۆلێنکار پێویستە لە کاتی بەکارهێنانی لیستی ناوچەکاندا پابەندی بنەما دیاریکراوەکان بێت کە هەندێکیان لە (دیوی)دا لەگەڵ زۆر بابەتی خشتەکانی پۆلێن هاتوون‌و دەبێت بە باشی بیانخوێنێتەوە تاوەکو پۆلێنەکەی‌و جێبەجێکردنی بنەماکانی کارەکەی دروست بێت، ئەوا پەیڕەویان بکات.

بەشە سەرەکییەکانی مێژوو:

٩٣٠– مێژووی کۆن.

٩٤٠– مێژووی ئەورووپا.

٩٥٠– مێژووی ئاسیا.

٩٦٠– مێژووی ئەفریقا.

٩٧٠– مێژووی ئەمریکای باکوور.

٩٨٠– مێژووی ئەمریکای باشوور.

٩٩٠– مێژووی دورگەکانی ئۆکیانووسی ئارام‌و ناوچەکان.

ئەو بنەمایانەی پێویستە لەکاتی بەکارهێنانی لیستەی ناوچەکاندا ڕەچاو بکرێن:

١– ئەگەر ژمارەی بابەتی سەرەکیی بە سفر کۆتایی هات، ئەوا ژمارەی ناوچەکەی دەخرێتە سەر بە دانانی ژمارە (٩) لە پێشیەوە. بۆ نموونە:

٧٥٠ وێنەکێشان‌و نەخش‌و نیگار

٧٥٠,٩ چارەسەری مێژوویی‌و جوگرافیی بۆ وێنەکێشان‌و نەخش‌و نیگار

٧٥٠,٩٦٢ وێنەکێشانو نەخشو نیگار لە میسر، لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە زیادکردنی ژمارە (٦٢)ەکە لە لیستی ناوچەکاندایە (میسر)

٢- ئەگەر ژمارەی بابەتی سەرەکی بە سفر کۆتایی نەهاتبوو ئەوا ژمارەی ناوچەکەی دەخرێتە سەر بە دانانی ژمارە (٩) لە پێشیەوە.

بۆ نموونە:

٦٨٣ پیشەسازییە ئاسنینەکان

٦٨٣,٠٩٦٢ پیشەسازییە ئاسنینەکان لە میسر

٣- ئەگەر ژمارەی سەرەکی بە (سفر) کۆتایی نەهات، بەڵکو بە (٩) کۆتایی هات، ئەوا ژمارەی ناوچەکەی بەتەواویی دەخرێتە سەر بێ کەمو زیاد.

بۆ نموونە:

٧٢١ تەلارسازیی خانووبەرە

٧٢١,٩ چارەسەری مێژوویی تەلارسازیی خانووبەرە.

٧٢١,٩٦٢١٦ تەلارسازیی خانووبەرە لە قاهیرە.

لیستەی دابەشکردنە جوگرافییەکان (ناوچەکان) هەندێك دابەشکردنی تری گشتییان تێدایە کە سوودی گەورەیان هەیە گەر پۆلێنکار لە بابەتەکانیاندا کاری پێیان هەبێت.

پاری شەشەم

ڕێبەری ڕێژەیی

یەکەم: ڕێبەری هیجایی ڕێژەیی بۆ پۆلێنی دیوی دەیی

دووەم: چۆنێتی بەکارهێنانی ڕێبەری ڕێژەیی

یەکەم: رێبەری هیجایی رێژەیی بۆ پۆلێنی دیوی دەیی

رێبەری رێژەیی: لەسیما دەگمەنو تایبەتەکانی ئەم سیستمەیە کەوا یەك بابەت دەخاتە زیاتر لە شوێنێکەوەو ژێر هەر ئەگەرێکەوە؛ کە رەنگە مرۆڤ بە دوایاندا بگەڕێت، واتە جارێك لە ریزبەندیی هیجاییو سروشتیی خۆیداو جارێکی تر لە بابەتی ئەسڵیی خۆیداو جارانی تریش لەژێر شێوازی جۆروجۆردا کە گوزارشت لە بابەتەکە بکەن.

بەو جۆرە، رێبەر یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەیشتن بە یەك بابەت بە رێگای جۆراوجۆرو ژمارەی پۆلێنی رێنیشاندەر بۆ خشتە سەرەکییەکان دەخاتە بەرچاو.

بەشی دووەمی پلانی دیوی دەیی ناونراوە (رێبەری رێژەیی)، چونکە هەموو ئەو بابەتانە پێکەوە گرێدەدات کە لە بوارەکانی زانیاریی مرۆییدان لە ریزبەندییەکی هیجاییدا، پاشانیش بابەتەکان هەر بە ریزبەندییە هیجاییەکە رێکدەخرێت، هەر بابەتەش کۆمەڵێ وشەی پەیوەست پێیەوە دێنە ژێریو دووبارە بەرێگای ریزبەندیی هیجایی رێکدەخرێن، بۆ نموونە (کیمیا):

کیمیایی شیکاریی	**٥٤٣**
ئەندامی	٥٤٧
نائەندامی	٥٤٦
چەندێتی	٥٤٥
کانزاکان	٥٤٩
چۆنێتی	٥٤٤

ئامانجی سەرەکیی لە دانانی رێبەری رێژەیی لەوەدا بووە کە ببێتە پێڕستێك و تیایدا هەموو ئەو وشانە هەبن کە لە پلانی پۆلێندا هەنو لە خشتە سەرەکییەکاندا هاتوون.

زۆرجار پۆلێنكاران لە پسپۆڕانی كتێبخانەكان دەبینن كەوا رێبەری هیجایی رێژەیی هەر هەموو زاراوەو وشەكان ناگرێتەخۆ، لەم كاتانەدا كە وشە، یان زاراوەیەك لای پۆلێنكار پێویستەو لەوێدا چنگی ناكەوێت، دەبێت سۆراغی زاراوەیەكی فراوانتر بكات، هەرچۆن دەبێت پەنا بەرێتە بەر خشتە سەرەكییەكانو خشتە یاریدەدەرەكان تا بگاتە ژمارەیەكی پۆلێنی گونجاو بۆ هەر كتێبو سەرچاوەیەك.

رێدەكەوێت دیاریكردنی جێگای بابەتو دۆزینەوەی ژمارەكەی لە خشتەكانی پۆلێندا كارێكی ئاسان نەبێت؛ چونكە پۆلێنكار ناتوانێت جێگای لۆژیكیی هەر بابەتە لە پلانی پۆلێندا بدۆزێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی زۆر سەرەبابەت هاوواتای تریان هەیەو لە خشتە سەرەكییەكاندا نەهاتوون، هەر لەبەر ئەوانەبووە كە (ملڤیل دیوی) لە پلانەكەی خۆیدا رێبەرێكی رێژەیی هیجایی خستووەتە سەر خشتەكانی پۆلێنەكەی، تا گەیشتن بە ژمارەی دروستو نزیككردنەوەی بابەتەكان لەیەكتر كارێكی زەحمەت نەبێت.

رێبەری رێژەیی كۆكەرەوەی بابەتە جیاوازەكانە، بۆ یەك بابەتی دیاریكراو لە خشتەكانی پۆلێندا، بۆ نموونە:

بابەتی (شووشە) زیاد لە لایەنێكی هەیە، وەكو:

شووشە	
قاپ وقاچاغ	٦٤٢
دابینكردن	٣٦٨,٦
دروستكردنی خانووبەرە	٦٩٣
تەكنەلۆژیا	٦٦٦
رەنگكردن	٧٤٨,٥
هەڵكۆڵین	٧٤٨,٦

کەرەستە	٦٢٠,١
هونەرەکانی نەخش	٧٤٨,٢٠٢
ئەندازەی خانووبەرە	٦٢٤,١

لەو نموونەیەی سەرەوەدا، پۆلێنکار سەرنج دەدات رێبەری رێژەیی بووەتە کۆکەرەوەی لایەنی جودا بۆ یەك بابەت، کە لە هەندێ لە خشتەکاندا پەرش‌و بڵاون، لەگەڵ رێکخستنیان لەناوخۆیاندا بەپێی ریزبەندیی هیجایی.

رێبەری رێژەیی لە پلانی پۆلێنی دیوی دەییدا بایەخی خۆی هەیە بۆ پۆلێنکار لە کتێبخانەی قوتابخانەکان‌و کتێبخانە گشتییەکاندا، ئەویش بۆ ناسین‌و زوو چوونەوە سەر شوێنی بوونی بابەتەکان، ئەوانەی بەدوایاندا دەگەڕێت.

دووەم: چۆنێتی بەکارهێنانی رێبەری رێژەیی

* بابەتی کتێب‌و لایەنی تایبەتی چارەسەر لای خۆیەوە دیاری دەکات.
* بەدوای سەرەبابەتدا دەگەڕێت لە شوێنی خۆیدا لە ریزبەندیی هیجاییدا.
* ژمارەی پۆلێن لایەنی تایبەت دەبەخشێتە بابەتەکە.
* بۆ دڵنیابوون لە ژمارەکانی پۆلێن جەخت لە خشتەکانی پۆلێندا دەکرێتەوە.
* لە کاتێکدا گەر بابەت لە رێبەردا نەدۆزرێتەوە، دەکرێ لەژێر دەروازەیەکی تردا سۆراغی بکرێت.
* لەگەڵ پێویستی گەڕانەوە بۆ خشتەکانی پۆلێن بۆ دڵنیابوون لە دروستیی ژمارەی پۆلێن، چونکە رێبەر رێنیشاندەرە بۆ بەکارهێنانی خشتەکان، بەڵام نابێتە ئەلتەرناتیفی خودی خشتەکانی پۆلێن.

لەرێکخستنی هیجایی بابەتەکانی رێبەری رێژەییدا پەیڕەوی ئەم بنەمایانە کراوە:

* رێکخستنی زاراوەو وشەکانی رێبەری رێژەیی بەشێوەی هیجایی‌و وشەبەوشە رێکخراوە.

* لەگەڕان بەشوێن پیتی (أ)دا سەرەتا (آ) دەدۆزێتەوە چونکە بە دوو ئەلف دەژمێردرێ، ئینجا (أ)، واتە(آفاق) دەکەوێتە پێش (ألعاب).

* هەمزەی سەر ئەلف پێش ئەلفی ئاسایی دەکەوێت.

*هەمزەی تاك لەریزبەندیدا دەکەوێتە پێش ئەلفی ئاسایی.

* (ء) هەمزەی سەر (أ) هەر (أ) دەگەێنێت.

* هەمزەی سەر (و) دەبێتە (واواً)، لەریزبەندیدا دەکەوێتە پێش (و)ی ئاسایی، هەروەکو (مؤتمرات) پێش (موائد).

* هەمزەی سەر (ی) دەبێتە (یاء).

* (ت)ی پێکەوە گرێدراو بە (هاء)دەکەوێتە دوای (التاء)ی کراوەوە.

* فەرامۆشکردنی ئامڕازی (تعریف)ی (الـ) لەسەرەتای وتەوە، یان ناوەڕاستی، وەکو(الفن الشعبي) دەبێتە (فناً شعبياً).

* ئەو زاراوانەی کە وەك (دابەشکردنی زەمەنی)ن ریزبەندیی زەمەنییان بۆ دەکرێت، بێ بایەخدان بەریزبەندیی هیجایی، هەرچۆن ئەوانەی (دابەشکردنی مێژوویی)ن دیسانەوە ریزبەندی مێژووییان بۆ دەکرێت بێ گوێدانە ریزبەندی هیجایی.

* کورتکراوەکان بەپێی ریزبەندیی هیجایی ئاسایی دەبن، وەکو (الفاو)و (الیونسیف)و (الجات).

* * *

بەشی دووەم

پوختەکان

یەکەم: پوختەی یەکەم/ دە بنەماکەی زانیاریی مرۆیی

دووەم: پوختەی دووەم/ سەد لقەکەی زانیاریی مرۆیی

سێیەم: هەزار لقەکەی زانیاریی مرۆیی

پوختەی یەکەم

دە بنەماکە

٠٠٠ زانیارییەگشتییەکان

١٠٠ فەلسەفەو سایکۆلۆژی

٢٠٠ ئایینەکان

٣٠٠ زانستە کۆمەڵایەتییەکان

٤٠٠ زمانەکان

٥٠٠ زانستە سروشتییەکان (تیۆرییەکان)

٦٠٠ زانستە تەکنەلۆژییەکان (پراکتیکییەکان)

٧٠٠ هونەرەجوانەکان

٨٠٠ ئەدەبیات

٩٠٠ جوگرافیاو ژیننامەو مێژوو

پوختەی دووەم

سەد لقەکە

٠٠٠ زانیارییە گشتییەکان

٠١٠ بیبلیۆگرافیا

٠٢٠ زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان

٠٣٠ فەرهەنگو ئینسایکلۆپیدیاکان

٠٤٠ توێژینەوەو نووسراوەکان

٠٥٠ خولاوەکان (چاپکراوە زنجیرەییەکان)

٠٦٠ رێکخراوە گشتییەکانو زانستی مۆزەخانەکان

٠٧٠ رۆژنامەگەریو رۆژنامەو بڵاوکردنەوە

٠٩٠ دەستنووسو سەرچاوە دەگمەنەکان

١٠٠ فەلسەفەو دەروونزانی

١١٠ میتافیزیکا

١٢٠ تیۆری مەعریفە، هۆکاریی، رەگەزی مرۆیی

١٣٠ لقەکانی دەروونزانی

١٤٠ قوتابخانە فەلسەفییە دیاریکراوەکان (رێچکە فەلسەفییەکان)

١٥٠ دەروونزانی

١٦٠ لۆژیك

١٧٠ زانستی خووڕەوشت

١٨٠ فەلسەفەی کۆنو فەلسەفەی سەدەکانی ناوەندو فەلسەفەی ئیسلامی

١٩٠ فەلسەفەی هاوچەرخی نوێ

٢٠٠ ئایینەکان

٢١٠ ئایینی ئیسلام

٢٢٠ زانستەکانی قورئان

٢٣٠ فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر

٢٤٠ ئسووڵی ئایین

٢٥٠ شەریعەتی ئیسلامی

٢٦٠ سۆفیگەری

٢٧٠ رێچکە گشتییەکانی ئایینی مەسیحی

٢٨٠ گروپە مەسیحییەکان

٢٩٠ ئایینەکانی تر (بێجگە لە ئیسلامو مەسیحی)

٣٠٠ زانستە کۆمەڵایەتییەکان

٣١٠ ئامارە گشتییەکان

٣٢٠ زانستە رامیارییەکان

٣٣٠ زانستی ئابووری

٣٤٠ یاسا

٣٥٠ کارگێڕیی گشتی

٣٦٠ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، رێکخراوەکان

٣٧٠ پەروەردەو فێرکردن

٣٨٠ بازرگانی، گەیاندن

٣٩٠ داب‌ونەریتو فۆلکلۆر

٤٠٠ زمانەکان

٤١٠ زمانی عەرەبی

٤٢٠ زمانی ئینگلیزی

٤٣٠ زمانی ئەڵمانی

٤٤٠ زمانی فەڕەنسی

٤٥٠ زمانی ئیتاڵیو رۆمانی

٤٦٠ زمانی ئیسپانیو پورتوگالی

٤٧٠ زمانی لاتینی

٤٨٠ زمانی یۆنانی

٤٩٠ زمانەکانی تر

٥٠٠ زانستە سروشتییەکانو(تیۆرییەکان)

٥١٠ بیرکاری

٥٢٠ گەردووناسیو زانستەکانی پەیوەست پێییەوە

٥٣٠ فیزیك

٥٤٠ کیمیا

٥٥٠ زەویناسی (جیۆلۆجیا)

٥٦٠ زانستی بەبەردبووەکان

٥٧٠ زیندەوەرزانی (بایۆلۆجیا)

٥٨٠ رووەکزانی

٥٩٠ زانستی ئاژەڵ

٦٠٠ تەکنەلۆژیا (زانستە پراکتیکییەکان)

٦١٠ زانستی پزیشکی

٦٢٠ زانستی ئەندازیاریی

٦٣٠ کشتوکاڵ

٦٤٠ ئابووری ناوماڵو ژیانی خێزان

٦٥٠ بەڕێوەبردنی کار (خزمەتگوزاریی نووسینگەکان)

٦٦٠ تەکنەلۆژیای کیمیایی (کیمیای پیشەسازیی)

٦٧٠ پیشەسازییەکان

٦٨٠ پیشەسازییەکان بۆ بەکارهێنانی بیناسازیی

٦٩٠ بیناسازیی

٧٠٠ هونەرەجوانەکان

٧١٠ دیمەنی سروشتی

٧٢٠ تەلارسازیی (ئەندازیاری تەلارسازیی)

٧٣٠ پەیکەرسازییو هونەرە شێوەکارییەکان

٧٤٠ هونەرەکانی نەخشو نیگار

٧٥٠ وێنەکێشان

٧٦٠ چاپکراوەکانو هونەری چاپ

٧٧٠ وێنەگرتنی فۆتۆگرافی

٧٨٠ موزیك

٧٩٠ هونەرەکانی کاتبەسەربردنو حەوانەوە

٨٠٠ ئەدەبیات

٨١٠ ئەدەبی عەرەبی

٨٢٠ ئەدەبی ئینگلیزیو ئەمریکی

٨٣٠ ئەدەبی ئەڵمانی

٨٤٠ ئەدەبی فەڕەنسی

٨٥٠ ئەدەبی ئیتاڵی

٨٦٠ ئەدەبی ئیسپانیو پورتوگالی

٨٧٠ ئەدەبی لاتینی

٨٨٠ ئەدەبی یۆنانی

٨٩٠ ئەدەبی زمانەکانی تر

٩٠٠ جوگرافیاو ژیننامەو مێژوو

٩١٠ جوگرافیاو گەشتەکان (وەسفی شاران)

٩٢٠ ژیننامە، رەچەڵەکناسی

٩٣٠ مێژووی کۆن

٩٤٠ مێژووی ئەورووپا

٩٥٠ مێژووی ئاسیا

٩٦٠ مێژووی ئەفریقا

٩٧٠ مێژووی ئەمریکای باکوور

٩٨٠ مێژووی ئەمریکای باشوور

٩٩٠ دورگەکانی ئۆقیانووسی ئارام

"پوختەی سێیەم"

هەزار لقەکەی زانیاریی مرۆیی

٠٠٠ زانیارییە گشتییەکان

٠٠١ مەعریفە

٠٠٢ کتێب

٠٠٣ سیستم (شیکردنەوەو دیزاینی سیستمەکان)

٠٠٤ چارەسەری زانیاریی‌و زانستی کۆمپیوتەر

٠٠٥ بەرنامەی کۆمپیوتەری، بەرنامەکان، زانیارییەکان

٠٠٦ میتۆدە تایبەتەکانی کۆمپیوتەری

٠٠٧ توێژینەوە

٠٠٨ بەکارنەهاتووە

٠٠٩ کێبڕکێکان، خەڵاتەکان، پاداشتەکان

٠١٠ بیبلیۆگرافیا

٠١١ بیبلیۆگرافیاکان

٠١٢ بیبلیۆگرافیاو پێڕستی تاکەکان

٠١٣ بیبلیۆگرافیای بەرهەمی توێژی دیاریکراو لە نووسەران

٠١٤ بیبلیۆگرافیای بەرهەمی ناوەخوازراوەکان‌و ئەوانەی دانەرەکانیان نادیارن

٠١٥ بیبلیۆگرافیای بەرهەم لە شوێنە دیاریکراوەکانەوە

٠١٦ بیبلیۆگرافیای بابەتی

٠١٧ پێڕستی بابەتیی گشتی

٠١٨ پێڕستی زەمەنی‌و پێڕستی نووسەران

٠١٩ پێڕستی فەرهەنگی

٠٢٠ زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان

٠٢١ پەیوەندیی لەگەڵ کتێبخانەکانو دەزگای بەڵگەنامەکان

٠٢٢ بەڕێوەبردنی جێگای کتێبخانە (خانووبەرە)

٠٢٣ بەڕێوەبردنی تاکەکان (کارمەندان)

٠٢٤ گەڵاڵەنامەی تایبەت بە بەکارهێنانی کتێبخانەکان

٠٢٥ بەڕێوەبردنی کتێبخانەکانو بەڕێوەچوونی کارەکانو بەشە هونەرییەکان

٠٢٦ کتێبخانە تایبەتمەندەکان

٠٢٧ کتێبخانە ناتایبەتمەندەکان (خوێندنگاکانو گشتییەکان)

٠٢٨ خوێندنەوەو رێنمایی خوێندنەوە

٠٢٩ خزمەتگوزاریی خوێندنەوەو چالاکییەکان

٠٣٠ فەرهەنگەکانو ئینسایکلۆپیدیاکان

٠٣١ ئینسایکلۆپیدیا گشتییە عەرەبییەکان

٠٣٢ ئینسایکلۆپیدیا گشتییە ئینگلیزیو ئەمریکییەکان

٠٣٣ ئینسایکلۆپیدیا گشتییە ئەڵمانییەکان

٠٣٤ ئینسایکلۆپیدیا گشتییە فەڕەنسییەکان

٠٣٥ ئینسایکلۆپیدیا گشتییە ئیتاڵییەکان

٠٣٦ ئینسایکلۆپیدیا گشتییە ئیسپانییەکان

٠٣٧ ئینسایکلۆپیدیا گشتییە سلافییەکان (رووسیەکان)

٠٣٨ ئینسایکلۆپیدیا گشتییە ئیسکەندەنافییەکان

٠٣٩ ئینسایکلۆپیدیا بەزمانەکانی تر

٠٤٠ وتارە گشتییە کۆکراوەکان (کۆکراوەی توێژینەوەو وتارەکان)

٠٤١ کۆکراوەی وتارە عەرەبییەکان

٠٤٢ کۆکراوەی وتارە ئەمریکیو ئینگلیزییەکان

٠٤٣ کۆکراوەی وتارە ئەڵمانییەکان

٠٤٤ کۆکراوەی وتارە فەڕەنسییەکان

٠٤٥ کۆکراوەی وتارە ئیتاڵییەکان

٠٤٦ کۆکراوەی وتارە ئیسپانیو پورتوگالییەکان

٠٤٧ کۆکراوەی وتارە رووسیەکان

٠٤٨ کۆکراوەی وتارە ئیسکەندەنافییەکان

٠٤٩ کۆکراوەی وتارەکان بە زمانەکانی تر

٠٥٠ خولاوەکانو کۆڤارە گشتییەکان (چاپکراوە زنجیرەییەکان)

٠٥١ خولاوەکانو گۆڤارە گشتییە عەرەبییەکان

٠٥٢ خولاوەکانو گۆڤارە گشتییە ئینگلیزیو ئەمریکییەکان

٠٥٣ خولاوەکانو گۆڤارە گشتییە ئەڵمانییەکان

٠٥٤ خولاوەکانو گۆڤارە گشتییە فەڕەنسییەکان

٠٥٥ خولاوەکانو گۆڤارە گشتییە ئیتاڵییەکان

٠٥٦ خولاوەکانو گۆڤارە گشتییە ئیسپانیو پورتوگالییەکان

٠٥٧ خولاوەکانو گۆڤارە گشتییەکان بە زمانە سلافیو رووسیەکان

٠٥٨ خولاوەکانو گۆڤارە گشتییەکان بە زمانە ئیسکەندەنافییەکان

٠٥٩ خولاوەکانو گۆڤارە گشتییەکان بەزمانەکانی تر

٠٦٠ ڕێکخراو و کۆمەڵە گشتییەکانو زانستی مۆزەخانەکان

٠٦١ لە نیشتمانی عەرەبیدا

٠٦٢ لە شانشینی یەکگرتوو و ئەمریکای باکوور

٠٦٣ لە ئەورووپای ناوەڕاستو ئەڵمانیا

٠٦٤ لە فەڕەنساو مۆناکۆ

٠٦٥ لە ئیتاڵیاو ناوچەکانی دەوروبەری

٠٦٦ لە نیمچە دورگەی ئیبیریاو دورگەکانی دەوروبەری

٠٦٧ لە ئەورووپای رۆژهەڵاتو رووسیای فیدراڵ

٠٦٨ لە ناوچەکانی تر

٠٦٩ زانستی مۆزەخانەکان

٠٧٠ رۆژنامەگەریی، بڵاوکردنەوە، رۆژنامەکان

٠٧١ لە نیشتمانی عەرەبیدا

٠٧٢ لە ئینگلتەرەو ئەمریکا

٠٧٣ لە ئەڵمانیا

٠٧٤ لە فەڕەنساو مۆناکۆ

٠٧٥ لە ئیتاڵیاو ناوچەکانی دەوروبەری

٠٧٦ لە ئیسپانیا

٠٧٧ لە ئەورووپای رۆژهەڵاتو رووسیای فیدراڵ

٠٧٨ لە ئیسکەندەنافیا

٠٧٩ لە ناوچەکانی تری جیهان

٠٨٠ کۆمەڵێ بابەتی جۆراوجۆر لە یەك بابەتدا

٠٨١ کۆمەڵێ بابەت بە زمانی عەرەبی

٠٨٢ کۆمەڵێ بابەت بە زمانی ئینگلیزی

٠٨٣ کۆمەڵێ بابەت بە زمانی ئەڵمانی

٠٨٤ کۆمەڵێ بابەت بە زمانی فەڕەنسی

٠٨٥ کۆمەڵێ بابەت بە زمانی ئیتاڵیو رۆمانی

٠٨٦ کۆمەڵێ بابەت بە زمانی ئیسپانیو پورتوگالی

٠٨٧ کۆمەڵێ بابەت بە زمانی سلافییەکان (رووسی)

٠٨٨ کۆمەڵێ بابەت بە زمانی ئیسکەندەنافییەکان

٠٨٩ کۆمەڵێ بابەت بە زمانەکانی تر

٠٩٠ دەستنووسەکان‌و کتێب

٠٩١ دەستنووسە دەگمەنەکان

٠٩٢ چاپکراوی کتێبە تەختینەییەکان (کتێبی قاڵبە پیتچنینەکان)

٠٩٣ کتێبە چاپکراوەکان بەر لە ساڵی ١٥٠١ی زایین

٠٩٤ کتێبە دەگمەنەکان

٠٩٥ جزوبەندکردنی دەگمەن

٠٩٦ وێنەگرتنی دەگمەن

٠٩٧ تابلۆی کتێبەکان

٠٩٨ کتێبە قەدەغەکراوەکان، ساختەکان، گومڕاکان

٠٩٩ کتێبە نامۆو دانسقەکان

١٠٠ فەلسەفەو دەروونزانی

١٠١ تیۆری فەلسەفە

١٠٢ جۆراوجۆرە فەلسەفییەکان

١٠٣ فەرهەنگو ئینسایکلۆپیدیا فەلسەفییەکان

١٠٤ وتارو موحازەرەکان

١٠٥ چاپکراوە زنجیرەییە فەلسەفییەکان (خولاوەکان)

١٠٦ دەستەو رێکخراوە فەلسەفییەکان

١٠٧ لێکۆڵینەوەی فەلسەفەو وتنەوەی

١٠٨ کۆکراوەکان

١٠٩ مێژووی فەلسەفە

١١٠ ئەودیوسروشت (میتافیزیکیا)

١١١ باسی بوون(مبحث الوجود)

١١٢ ڕێبازەکانی توێژینەوە

١١٣ بنەڕەتی گەردوون (فەلسەفەی سروشت)

١١٤ شوێن‌و بۆشایی گەردوونی

١١٥ زەمەن‌و ماوە

١١٦ جووڵە‌و گۆڕان

١١٧ ماتریال‌و فۆرم

١١٨ هێزو وزە

١١٩ ژمارە‌و چۆنێتی

١٢٠ تیۆری مەعریفە، هۆیەتی، رەگەزی مرۆیی

١٢١ تیۆری زانیاریی

١٢٢ هۆیەتی، هۆکارو لێکەوتەکانی (العلة و المعلول)

١٢٣ هەربوونێتی‌و ناهەربوونێتی ـ ئازادیی(الحتمية واللاحتمية ـ الحرية)

١٢٤ زانستی ئامانجەکان

١٢٥ کۆتاو ناکۆتا(المتناهي واللامتناهي)

١٢٦ هۆشیاری‌و کەسایەتی

١٢٧ نەست‌و پەراوێزی هەست(اللاشعور وهامش الشعور)

١٢٨ رەگەزی مرۆیی (مرۆڤ)

١٢٩ بنەڕەتی رۆح‌و چارەنووسی(أصل الروح ومصيرها)

١٣٠ لقەکانی دەروونزانی

١٣١ دەروونزانیی فیسیۆلۆژی

١٣٢ دەروونزانیی شازەکان

١٣٣ زانستە دەروونییە شارراوەکان (الغيبيات)

١٣٤ خەواندنی موگناتیسی

١٣٥ نووستن‌و خەونەکان

١٣٦ دەروونزانیی جیاکارییەکان

١٣٧ زانستی رووکەشناسی(علم الفراسة)

١٣٨ زانستی شیکردنەوەی کەسێتی

١٣٩ زانستی پێوانەی کەسێتی

١٤٠ قوتابخانە فەلسەفییە دیاریکراوەکان (باسە فەلسەفییەکان)

١٤١ ئایدیالیزم

١٤٢ فەلسەفەی رەخنەگرانە

١٤٣ فەلسەفەی ویژدانی

١٤٤ رێبازی مرۆیی

١٤٥ رێبازی هەستی

١٤٦ رێبازی سروشتی

١٤٧ رێبازی یەکێتی بوون

١٤٨ رێبازی ئازادیخوازانە

١٤٩ باسی فەلسەفیی تر

١٥٠ دەروونزانی

١٥١ زیرەکی‌و ئامادەباشی

١٥٢ پەیبردن، جووڵە، سۆزەکان، پاڵنەرەکان

١٥٣ مەعریفەو پرۆسە ئاوەزییەکان

١٥٤ یادەوەری‌و فێربوون

١٥٥ خەیاڵکردن

١٥٦ پەیبردن(بەدیکردن، بێ رامان)

١٥٧ هەڵچوونەکان

١٥٨ بیری قوولێ، جووڵە، خۆڕسك

١٥٩ خواستو پاڵنەرەكان

١٦٠ لۆژیـــك

١٦١ دەلەلاتی هەڵێنجان

١٦٢ دەلەلاتی پێوانەیی

١٦٣ لۆژیكی بونیاتنراو لەسەر باوەڕ

١٦٤ لۆژیكی هێمایی‌و بیركاری

١٦٥ هەڵەكان‌و سەرچاوەكانی هەڵە

١٦٦ پێوانەی وێنەیی‌و لۆژیكی

١٦٧ گریمانەكان

١٦٨ بیانوو و كردەی رازیكردن

١٦٩ پێوانەی نواندن

١٧٠ زانستی ئاكار، فەلسەفەی ئاكار

١٧١ تیۆرە ئاكارییەكان

١٧٢ ئاكاری سیاسی

١٧٣ ئاكاری خێزانی

١٧٤ ئاكاری پێشەیی (ئاكاری پیشە)و ئابووریی

١٧٥ ئاكاری كاتبەسەربردن‌و ژیاندنەوەی كاتی بەتاڵ

١٧٦ ئاكاری سێكس‌و زاووزێ

١٧٧ ئاكاری پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان

١٧٨ ئاكاری لەناوبردن

١٧٩ باسی ئاكاریی تر

١٨٠ فەلسەفەی کۆنو فەلسەفەی سەردەمەکانی ناوەند

١٨١ فەلسەفەی خۆرهەڵاتیی کۆن

١٨٢ فەلسەفەی یۆنانی پێش سوکرات

١٨٣ فەلسەفەی سەفسەتاییو سوکراتی

١٨٤ فەلسەفەی ئەفلاتوونی

١٨٥ فەلسەفەی ئەرستۆیی (ئەرستۆ تالیس)

١٨٦ فەلسەفەی شێوەییو ئەفلاتوونیی نوێ

١٨٧ فەلسەفەی ئەبیقۆریی

١٨٨ فەلسەفەی رەواقیی

١٨٩ فەلسەفەی سەردەمەکانی ناوەند

١٩٠ فەلسەفەی هاوچەرخی نوێ

١٩١ فەلسەفەی عەرەبیی نوێ

١٩٢ فەلسەفەی بەریتانیو ئەمریکی

١٩٣ فەلسەفەی هاوچەرخ لە ئەڵمانیاو نەمسا

١٩٤ فەلسەفەی هاوچەرخ لە فەڕەنسا

١٩٥ فەلسەفەی هاوچەرخ لە ئیتالیا

١٩٦ فەلسەفەی هاوچەرخ لە ئیسپانیاو پورتوگال

١٩٧ فەلسەفەی هاوچەرخ لە رووسیاو فنلەندا

١٩٨ فەلسەفەی هاوچەرخ لە ئیسکەندەنافیا

١٩٩ فەلسەفە نوێیەکانی تر

٢٠٠ ئایینەکان

٢٠١ ئایینی سروشتیو فەلسەفەی ئیسلامی

٢٠٢ سروشتی خوداوەند

